پێویستە جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان، بایکوتی هەڵبژاردن
وەکو گۆشەیەك لە درێژەی نارەزایەتی جەماوەری بەدەستەوە
بگرن و ئەو شانۆگەرییە ریسوا بکەن کە ژمارەیەك جەلاد و
تۆمەتبار دەکاتە سەروەر، تا بەو جۆرەی دەیانەوێت داهات و
سامانی کۆمەڵگە فەرهود بکەن...

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی پێنجەم ژمارە(106) بەرواری 15–9–2021 | بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## هەڕەشەو هێرش بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بۆ ترساندنی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری لەناوخۆی ئێراندایە!



فەرماندەی سوپای زەمینی پاسدارانی ئێران، فارس محەمە پاکپور لە پەیامێکدا داوا لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە بارەگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نزیکن دوور بکەونەوە، چونکە بەنیازن هێرش بکەنە سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن...

ڕژێمی کۆنەپەرست و دژە ئینسانی...

بۆ لاپەڕە 3

## گیراوەکانی بادینان و بەردەوامی ملهوڕی پارتی...

بڕیار بوو ٦ ئەم مانگە بەشێکی تر لە گیراوەکانی بادینان دادگایی بکرێن، بەڵام کاتی دادگایەکەیان دواخست بۆ مانگی ١٠ ئەمەش کاردانەوەی گیراوەکانی لیکەوتەوە و چوار لەو گیراوانە دەستیان دایە مانگرتن بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن و لەوە زیاتر بێ دادگایی لە زینداندا رانەگیرێن.




گیراوەکانی بادینان بەتۆمەتی سیخوریکردن، کار بۆ لایەنی دەرەکی، تێکدانی ئاسایشی هەریم و دروستکردنی گروپی چەکداری... ماوەی ساڵێکە دەستگیر کراون و دادگایی ناکرێن، لەکاتی دادگایشیدا هیچ مافێکیان بۆ بەرگری لەخۆیان پێنادرێت و لە کەشێکی تەواو پۆلیسی و لەژێر شکنجەو هەرەشەدا

بۆ لاپەڕە 3

## لە دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندندا....ل4

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* کاپیتالیزم و تەکنۆلۆژیای توندترکردنەوەی زۆر و فشار بۆسەر....ل5
*ڕژێم بە هێرش بۆ سەر حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، ترس و .............ل5
*بەدیلی هەڵبژاردنی دزەکان، دەسەڵاتداریتی خەڵکە....................ل6
* هێرشەکانی 11ی سێبتێمبەر لێکەوتە مرۆیی و ئابوریەکانی.........ل8

## لە پەیوەند بە هەڵبژاردنی پێش وەختەی عێراق لە دۆسیەی ئەم ژمارەیەدا، هاوڕێ جەلیل شەهباز لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا وەڵام بە پرسیارەکانی بۆپێشەوە دەداتەوە...ل10



ل9 | گۆشەی ئەدەب و هونەر | ل 7 | پرسی ژن

## وتەی ژمارە

## هەڵبژاردنەکان و دیمەنی ڕیز بەستنی چینایەتی!

**عەبدوڵا مەحمود**

سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی لە عێراقدا، بە عەرەب و کوردەوە، بە قەومی و ئیسلامیەوە، بەسونەو شیعەوە، بە حزبە دەسەڵات بەدەست و بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە، بەوابەستەبوونیان بە ئەمریکاو غەرب یان ئیران و تورکیاوە، لە یەک ریزدا وەستاون. ناکۆکییە لاوەکیەکانیان وەلاناوە و



هەموویان پێداگری لەسەر گرنگی هەڵبژاردنەکان، لەسەر گرنگی بەشداری هاوڵاتیان و پیرۆزی پرانسیپی هەڵبژاردنەکان دەکەن. ئەم پێداگری و بە پیرۆزراگرتنی هەڵبژاردنەکان ریشەی لە ماهیەتی چینایەتی ئەو هێزە بۆرژوزیانەدایە. رکەبەری لە کایەی هەڵبژاردنەکاندا و خستنەڕووی لیستی جیاجیای بانگەشەکان، و تا دەگاتە هاوپەیمانیەتیەکان، دەچنە ناو هەمان پرۆسەی بە پیرۆزراگرتنی هەڵبژاردنەکان و قودسیەت بەخشین بە دیموکراسی بۆرژوازی.

لایەنێکی سەرەکی ئەم یەکریزیەی بۆرژوازی دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردن، دەست بۆ پایەی چینایەتی کۆمەڵگە نابات، دەست بۆ ئاڵوگۆری سیستەمی سیاسی و ئابوری نابات، بەڵکو هەموویان پێ لەسەر پاراستنی ئەم نیزامە چینایەتییە دادەگرن و خودی هەڵبژاردنیش کەناڵ و ریگایەکە بۆ پاراستنی ئەم سیستەمە چینایەتییە و بە پیرۆز راگرتنی. لایەنێکی تری یەکریزی بۆرژوازی و سوێند خواردنیان بۆ گرنگی هەڵبژاردنەکان، بۆ ئەوەیە لە ریگای درۆ و بانگەشەی دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، بەر بەشۆرش و بزوتنەوەی لە خوارەوەی جەماوەری بگرن.

ریزی وردو درشتی بۆرژوازی، دەڵێن سندوقی دەنگدان هەیە، هەر حزب و لایەنێک باش نەبوو، پابەندی بەڵین و بانگەشەکانیان نەبوو، لە ریگای سندوقەکانی دەنگدانەوە سزای بدەن، دەنگ بەو حزب و لایەنە بدەن کە دەتانەوێت... وە دەڵێن لەوە زیاتر ڕیگایەکی تر نییە، دەڵین دیموکراسی باشترین بژاردەیە و هەر ئەو ریگایەشە بۆ بەرگرتن بە توندوتیژی و گەڕانەوە بۆ رای خەڵک.

بەڵێ هێز و بزوتنەوە بۆرژوازییەکان هەڵبژاردن بە روکنێکی سەرەکی دیموکراسی و ریگایەک بۆ بەشداری هاوڵاتیان لە سیستەمی سیاسیدا لەقەڵەم دەدەن و بەسەرچاوەی ئاڵوگۆریش وێنای دەکەن.

ئەم بانگەشانەی بۆرژوازی بەو هەموو...

بۆ لاپەڕە 2

## درێژەی وتەی ژمارە

ئیمکاناتە مادی و هەمەڕەنگەی لە بەردەستیاندایە، لەپیش هەمووشیانەوە دەسەڵاتی سیاسی، کەچی تادێت بەکردەوە بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا کەمتر و کەمتر و هاوکاتیش لەچاوی رای گشتی کۆمەڵگەوە بێبایەختر و پوچتر دەبێت.

دیارە ئەوە ئەگەر لە ئاستی دنیادا و لە وڵاتانی دیموکراسی بۆرژوازی پایەداکوتراودا، کە پرۆسەی هەڵبژاردنیش بووە بە خویەکی باو و زاڵ، هەڵبژاردنەکان گرنگی خۆیان لەدەستدا بێت و جەماوەر بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن. لە عێراق و کوردستاندا کە ئاسەوارێک لە دەسەڵاتی حکومەتی بوونی نییەو لە جێگایدا دەسەڵاتی میلیشایی، لەڕێگای دەست بەسەراگرتنی داهات و زۆری چەک و خۆبەستنەوە بە وڵات و قوتبێکی ناوچەییەوە خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپاندووە، کایەی هەڵبژاردنەکان هێندە پوچە، منالێکی تازە مەدرەسەیش هەستی پێدەکات و کەمیش نین ئەو کادر و بەرپرسە حزب وسیاسیانەی کە باش دەزانن هەڵبژاردنەکان ناتوانن هیچ بگۆڕن و هیچ حزبێکی خاوەن دەسەلات و چەک و لەڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە کەنار ناخرێت و ناتوانرێت دوربخرێتەوە.

دیارە بەهەمان شێوە کە بۆرژوازی لە ریزبەستنێکی چینایەتیدا سوێند بە هەڵبژاردن و گرنگی بەشداری هاوڵاتیان دەخۆن، ئاواش چینی کریکار و مەحرومانی کۆمەڵگە لە بێبەهابوون و پوچ بوونی هەڵبژاردنەکان بەئاگان و بەشداری نەکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا و کەم بوونەوەی بەردەوامیشی نیشانەی هەمان ئەو هوشیاری چینایەتییەیە کە هەڵبژاردنەکان تەنها گاڵتەجارییەکی دوبارەن بۆ ئارایشدانەوەی بەش بەشینەی هیزە بۆرژوازییەکان، بەتایبەتیش لەنیوان ئەو لایەنانەدا کە خاوەنی هیزی چەکدارن و قۆرغی داهات و سامانیان کردووە.

نەچوونی خەڵکی عێراق و کوردستان و بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا، مۆتەکەیەکە بەسەر سەری سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازییەوە... وە ریشەی بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا راستەوخۆ دریژکراوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە بە دژی دەسەڵاتی سیاسی و حزبە رەنگاو رەنگەکانیان و بەخشینەوەی درۆ و فریوکارییەکانیان، کارای نەماوە. چینی کریکار و مەحرومانی کۆمەڵگە کە لەبەرامبەر بۆرژوازیدا وەستاونەتەوە، بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیش بەوێنەی بەشیک و گۆشەیەک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی، دەیانەوێت ئەو چەکە پوچە لەدەست هیزەکانی بۆرژوازی دەربهێنن کە دەیانەوێت لە ریگای هەڵبژاردنەکانەوە ئاوی پیرۆز بکەن بەسەر پرۆسەی بەناو دیموکراسی و هاوکاتیش وەکو پسوڵەی رەوایەتی وەرگرتنی دەسەڵاتیان، بەدەستیەوە بگرن.

چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە لە عێراقدا، وەکو بەشێکی دانەبراو لە پرۆسیسی سیاسی عێراق، خود بەخود و بەئەزمونێکی تاڵ، بەو راستیە گەیشتوون کە هەڵبژاردن ناتوانێت هیچ بگۆڕیت جگەلەوەی ژمارەیەکی تر بەوێنەی گۆشتی زیادەی لامل، دەبنە بار بەسەر کۆمەڵگەوە... لە عیراق و کوردستاندا هەڵبژاردن و پەرلەمان نەک پیرۆزییەکیان نییە، بەڵکو بەچاوی سوک و گاڵتە ئامیزەوە لێی دەڕوانرێت. چ هەڵبژاردن و چ پەرلەمان وەکو دوو گرفتی قورس بۆ سەر گرفتە کەڵەکەبووەکانی تر زیاد بوون و جەماوەر چۆن بیزارە لەچەک و سەرکوت، لە بیمافی و نەبوونی، لە بیکاری و هەژاری، لە گرانی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، ئاواش لە هەڵبژاردن و پەرلەمانی ئەولادی ناجسنی ئەو گاڵتەجاریانەی هەڵبژاردن توڕەو ناڕازین.

بانگەشەکانی هەڵبژادن و بەڵینە پوچەکان، هێندە ئەزموونکراون، بە ئەندازەی ئەزموونی پوچی دەسەلاتدارێتی.

بۆرژوازی کورد وەکو بەشێک لە بۆرژوازی عێراقی دەیانەوێت بە پاساوی بەرگری لە مافە دەستوریەکانی هەرێم لەبەغدا، بە بیانوی بەرگری لە دەستکەوتەکانی "کورد" لە بەغدا، بە درۆی خۆ بەخاوەن زانینی پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد، بەناوی گێرانەوەی کەرکوک و ناوچە کیشەلەسەرەکان بۆسەر هەرێم... خەڵکی کوردستان راپێچی بەردەم هەڵبژاردنەکان بکەن. دەیانەوێت بە هەڵخراندنی هەست و سۆزی نەتەوەییەوە خەڵکی کوردستان تەیار بۆ بەشدار لە هەڵبژاردنەکان بکەن... بۆ ئەو مەبەستەشیان دەیانەوێت هەموو کێشەو گرفتە قوڵەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخەنە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی لەبەغدا و شانی خۆیان لە بەرپرسیاریەتی گرانی و نەبوونی و بیکاری و بێ موچەیی و موچە برین و وێران بوونی خزمەتگوزارییەکان و سەرکوت و بیمافی و هیرشی بەردەوامی ولاتەکان بۆسەر هەرێم، خاڵی بکەنەوە.

دەڵێن لەناو خۆماندا هەرچی هەبێت و هەر ناکۆکیەکمان هەبێت دەبێ وەلای بنێین و لە بەرامبەر بەغدا و هیزە دەرەکیەکاندا یەک دەست و یەک ریز بین. دەڵین پیویستە لەبەرامبەر بەغدا یەککریز دەربکەوین تا پیگەی" کورد" بەهیز بیت.

ئامانج لەهەموو ئەو بانگەشانەش، بەجیا لە هەڵبژاردنەکانی عیراق، بۆ خاوکردنەوەی تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە لەدەسەڵاتی تالانچی و مافیایی هەرێم.

چینی کرێکار و بێبەشانی هەرێم... بە کردەوە بەو راستیە گەیشتوون کە ستەم و بێمافی و نەبوونی و هەژاری و سەرکوتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ریشەی لە سیستەم و دەسەڵاتی بۆرژوازی هەرێمدایە... بە کردەو بەو راستیە گەیشتون کەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد خۆی کۆسپی بەردەم چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانە.

خەڵکی کوردستان بانگەشەکانی هەڵبژاردنی پیشوویان لە بیرە کە دەیانوت کوردستانی بەهێز بنیات دەنێین، ئیستا دەبینن لەچاو نزیک بە چوار ساڵی رابردوو پیگەی هەریم چ لە ئاستی عیراق و چ لە ئاستی ناوچەکە لاوازترە... دەبینن ئیران و تورکیا چۆن هەموو رۆژە وەکو خاوەن ماڵ تەراتین لە هەرێمدا دەکەن وبرا کوردەکانیان!! لە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن تیرۆر و بۆمباباران دەکەن و دەسەڵاتی سیاسی هەریمیش نەک بێدەنگە، بەڵکو هاوکاریانە. بەدەیان و سەدان کەس لە زیندانەکانی دەسەڵاتدا بۆ داوای موچەو خزمەتگوزاری بی داداگایی یان بە یاسای بەعسیانە، بەگوژمەی چەند ساڵە حوکم دراون. چوارساڵ لەوە پیش بانگەشەی هەلی کار و خزمەت و ئارامیان دەبەخشیەوە، ئێستا خەڵکی کوردستان دەبینن بەهۆی بیکاری و نەبوونی هەلی کارەوە چۆن شەپۆلی جیَ هیشتنی لاوان بۆ ئەورووپا مەوج دەدات. باسی خزمەتیان دەکرد، کەچی خەلکی کوردستان دەبین نەک خزمەت نییە، بەڵکو خزمەتگوازرییەکانی وەکو ئاو کارەبا، تەندروستی و ..... بەرەو لەبەین چوون و لەوەش زیاتر بە نەخشەوە بەرەو بە تایبەتیکردن دەبرێن و قورساییان لەسەر جەماوەری بێبەشی کوردستان چەند بەرابەر دەکات. باسی ئارامیان دەکرد... کەچی رۆژ نییە ئەولادی بەرپرسێکی مافیایی سوکایەتی بە هیزەکانی پۆلیس و هاتوچۆ وبازگەکان نەکات و کۆماندۆی بەزیوی بەردەم داعش بەرنەداتە گیانی ئەوانەی ماشینە گرانبەهاکانیان رادەگرن، باسی ئارامی دەکەن و ناوەندی شارەکانیان لەسەر کورسی سەرۆکی حزب کردەوە بە سەربازگە و نمایشی هێزی ئاڵتونی!! و دژە تیرۆر و زانیاری. باسی چاکسازی دەکەن و موچەی کریکار و کارمەندان و کەم ئەندامان بە ریزیکیان ناگات بەموچە و ئیمتیازی ئەندام پەرلەمان و وەزیرێکی نۆکەر پیشەی حزب و خانە نشینێکی پەرلەمان و وەزیر و گزیریێک... باسی ئایندەی سیاسی و کوردستان و پرسی نەتەوەیی دەکەن و سویند بەسەر یەکپارچەیی عێراق و سەروەریەکەی لە پێناو موچە و پۆستەکانی بەغدایاندا، لەهی بەعسیەکان و ئیسلامییە سنور نەناسەکان گەورەترە.

چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، دەمێکە لەبەرامبەر بەو دەسەڵاتەی بۆرژوازی کورد، بریاری خۆیان داوە، کە راماڵینی دەسەڵاتە. هیچ هەڵبژاردن و بانگەشەیەک، ناتوانێت پاشەکشە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکات لە پیناو نان و ئازادی وئایندەیەکی سیاسی دیار و گەشاوەدا.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەهیچ ئاست و بوارێکدا چاکسازی هەڵناگرێت و ڕێگا تەنها راماڵینە لە رێگای شۆرشی لەخوارەوەی جەماوەری بێبەشەوە... مایەپوچکردنی هەڵبژاردنەکان و بەشداری نەکردن لەو گاڵتەجاریەی هەڵبژاردندا، بەوینەی دریژەپیدەری نارەزایەتی جەماوەری، هەنگاوێکە لەراستای راماڵینی یەکجاری دەسەڵاتدا... جەماوەری بێبەشی کوردستان بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا پێویستە نیشانی بزوتنەوەی نارەزایەتی و جەماوەری هاوچارەنووسەکانی خۆیانی لە خوارو ناوەراستی عیراق بدەن، کە هاوشانی ئەوان بەشێکن لە راماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی هەریم وەکو بەشیکی دانەبراو بەرژەوەندی خواز لەگەڵ بۆرژوازی سەراسەری عیراقدا...

**ناوەڕاستی سێبتەمبەری ٢٠٢١**

**جەماوەری بێبەشی کوردستان بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا پێویستە نیشانی بزوتنەوەی نارەزایەتی و جەماوەری هاوچارەنووسەکانی خۆیانی لە خوارو ناوەراستی عیراق بدەن، کە هاوشانی ئەوان بەشێکن لە راماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی هەریم وەکو بەشیکی دانەبراو بەرژەوەندی خواز لەگەڵ بۆرژوازی سەراسەری عیراقدا...**

# گیراوەکانی بادینان و ملهوڕی پارتی...

ناچاریان دەکەن مل بەدۆسیەی سازکراوی دەسەلات بدەن.

راگرتنی گیراوەکانی بادینان بۆ ماوەی سالێک بێ ئەوەی تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ بووبێتەوە، و راگرتنیان بی دادگایی تەنها نمونەی دەسەلاتی میلیشیایی و باندە مافیایەکانە. تەنانەت دەسەلاتە هەر دڕندەو ئینسان کوژەکەی بەعس بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ زیندانە سیاسیەکان نەکردووە، لە دنیای ئەم سەردەمەشدا شوێنێکی دنیا نادۆزرێتەوە کە کەسانتک بۆ ماوەی سالٌ و زیاتر بێ دادگایی لە زینداندا رابگیرێن.

ئەم رەفتارەی پارتی کە لەریگای دادگای حزبی و دادوەرە نۆکەرەکانیانەوە، ئەنجامی دەدات، هۆکارەکەی ئەوە نییە ئەم گیراوانە تۆمەتبارن، بەڵکو هۆکارەکەی بێتاوانیانەو هیچ بەڵگەیەکیان لەدەستدا نییە بۆیە دادگایان ناکەن و کاتی دادگایی کردنەکەشیان دوا دەخەن. ئامانجی پارتی لە راگرتنی ئەم گیراوانە و دواخستنی دادگایەکەیان بۆ ترساندنی دەنگە ناڕازییەکانی کۆمەڵگەیە، بۆ بێدەنگەپیکردنی هەلسوڕاوان و تیکۆشەرانی ماف و داخوازییەکانی خەڵکە.

لای پارتی و دەسەلاتە بەعس ئاساکەی، داوای موچەو دادپەروەری، خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەدژی سەرکوت و بێمافی، هاوشانە بە دۆسیە بۆ سازکردن و بەزۆر دانپیانان.

پارتی و هاوشیوەکانی لەدەسەلاتدا، دەیانەوێت هەرچی بیمافی و جۆری سەرکوت و تالانی هەیە ئەنجامی بدەن و کەسیش نارەزایەتی دەرنەبرێت. بەلاّم پارتی و هاوشیوەکانی بەهەڵەدا چوون و ترس و تۆقاندن ناتوانیت دەنگی حەقخوازانە کپ بکات و تاسەر پاشەکشە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکات.

ئەو تۆمەتە پوچانە کە پارتی ئاراستەی ئەو گیراوانەی کردووە، خودی پارتی و هیزەکانی بۆرژوازی کورد بە بەڵگەی سەلمینراو ئەنجامیان داوە و لەسەری بەردەوامن... ئاخر ئەوە هیزەکانی بۆرژوازی کوردن بوونەتە نۆکەر پیشەی وڵاتەکان و پەلکێشی سەر خەڵکی کوردستانیان کردوون، ئەوە چاوساغی نۆکەرەکانی پارتی و یەکێتیە، کە هەلسوراوان و کەسانی ئۆپۆزیسیۆنی ولاّتانی ناوچەکە، لە قولاّیی کوردسناندا دەکرێنە نیشانەی درۆنەکان و باندە تیرۆریستەکانیان...

بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و هەموو کەسێکی لایەنگی لە مافی ئینسان و ویژدان زیندوو ئەرکیانە لەبەرامبەر بەو سەرکوت و سزا سیاسیە ئاشکرایە بۆسەر گیراوەکانی بادینان دەنگی نارەزایەتی هەڵبرن و دریژە بە خەبات و تیکۆشانیان بدەن تا پارتی ناچار بکەن ئەو گیراوانە ئازادبکرێن و قەرەبووی ماوەی راگیرانیان لە زیندان و ئەو تۆمەتانەی بۆیان هەڵبەستراوە بکەنەوە. لەم هەڵبژاردنانەش کە لە پیشن پیویستە جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان، بایکوت وەکو گۆشەیەک لە درێژەی نارەزایەتی جەماوەری بەدەستەوە بگرن و ئەو شانۆگەرییە ریسوا بکەن کە ئەم جەلادانە دەکاتە سەروەر، تا بەو جۆرەی دەیانەوێت داهات و سامانی کۆمەڵگە فەرهود بکەن و ئەگەریش نارەزایەتی بەروویدا کرا، دادگا و دادوەری ویژدان مردووی حزبی بەگژدا بکەن و لە کونجی زینداندا رایان بگرن.....

# هەڕەشەو هێرش بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بۆ ترساندنی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری لەناوخۆی ئێراندایە!

ئاخوندەکانی ئیران لەکاتێکدا رای دەگەیەنن کە هێرش دەکەنە سەر بارەگاکانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و داوا لە هاولاّتیانیش دەکەن دوور بکەونەوە لەنزیک ئەو هێزانە، کە خۆی دەرگیری دەیان گرفتی سیاسی و ئابوری و ناوچەییە، وە لەگەڵ بزوتنەوەیەکی یەکجار گەورەی کریکاریی و جەماوەری رووبەڕووە، کە جگە لە روخاندنی ئەم رژێمە هیچ بژاردەیەکی تریان نییە. رژێمی ئاخوندکانی پارێزەری سەرمایە لە ئیران، لەهەموو ئاستێکدا رووی لە پاشەکشەیە. لەلایەکەوە توانای فریوکارییەکەی لەبەین چووەو لەلایەکی تریشەوە چینی کریکار و جەماوەری نارازی ترسیان لە سەرکوت و توانایی سەرکوتی رژێم شکاوە... وە رۆژانە ئەم بزوتنەوە کرێکاریی و جەماوەییەی بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی رەشی جمهوری ئیسلامی لە ئارادایە فراوانتر دەبێت، ریکخراوترو خاراوتر هیزی خۆی نمایش دەکات.

لەوەها هەلومەرجێکدا کە رژێمی ئیسلامی لەناوخۆی ئێراندا، ناتوانێت وەلاّم بەگرفتە خنکێنەرەکانی بداتەوەو توانای پاشەکشە بە بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری نییە، دەیەوێت لەرێگای هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، سەرنجی رای گشتی بگوازێتەوە بۆسەر سنورەکان و هەرێمی کوردستان و پەلاماری هیزەکانی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن.

دیارە جمهوری ئیسلامی لەکاتی هاتنە سەرکایەوە تا دەگات بە ئەمڕۆ... هیچ کاتێک دریغی لە هیرش بۆسەر بنکەو بارەگاکانی ئۆپۆزیسیۆن نەکردووەو دەستی لە تیرۆری کەسایەتیە سیاسی و هەڵسوڕاوانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەپاراستووە، و بەدەیان جار هیرشیان کردۆتە سەر بنکەو بارەگای هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەسەدان کادر و کەسایەتی و چالاکوانیان چ لەناو هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی ئەوروپادا تیرۆر کردووە، ئەم کردەوە چەپەڵانەشی نەیتوانیووە ببێتە ڕیگایەک بۆ خامۆشکردنەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی و تورەیی جەماوەری لەناوخۆی ئیراندا... بریاری ئەمجارەی جمهوری ئیسلامیش لە دریژەی هەمان کارنامەی تیرۆریستی پێشویدایەو ئامانجیش ترساندنی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری لەناوخۆی ئیران و هاوکاتیش هەڵگری پەیامی خاوەن ماڵییەتی لە هەرێمی کوردستانی ژیر سایەی دەسەڵاتی تالاّنچی بزوتنەوەی کوردایەتیدا کە دریغیان بۆ هاوکاری دەزگاو باندە ئینسان کوژەکانی جمهوری ئیسلامی نەکردووە.

جەماوەری ئازادیخوازی هەرێمی کوردستان... کە ئەوانیش رووبەڕوون لەگەڵ پەیامی هیرش بەرانەی ئاخوندەکانی ئیران، پیویستە ئەو هەرەشە و پەیامە ئاشکرایە بۆ هیرش بە جدی وەربگرن و لە ئیستاوە لە رێگای هاتنە مەیدانی جەماوەری و نیشاندانی هیزیان لەشەقامدا رای گشتی دنیا لە مەترسیەکانی ئەو هیزە رەشە ئاگادار بکەنەوە. هاوکات پیویستە بزوتنەوەی فراوانی نارەزایەتی لەبەردەم یو ئین وەربێخەن و بەرپرسیاریان بکەن لەوەی پابەندی رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان بن... لەوەش زیاتر بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری خەڵکی کوردستانی عێراق، ئەرکیانە پشتیوانی لە بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری لەناوخۆی ئیراندا بکەن، هەر ئەوەشە زامنی پاشەکشە پیکردن بە دەستێوەردان و هاوکات بۆ بەشکست کێشانی پلانی هیرشیان بۆسەر بنکەو بارەگانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن... ئەوەی دەبێ بارگەو بنەی بپێچیتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بنکەو بارەگا نهینینەکان و کونسوڵ خانەکانی ئیران و تورکیان کە هۆکارێکن بۆ نائارام کردنی هەرێمی کوردستان... **عەبدوڵا مەحمود**

**هەلومەرجێکدا کە رژێمی ئیسلامی لەناوخۆی ئێراندا، ناتوانێت وەڵام بە گرفتە خنکێنەرەکانی بداتەوەو توانای پاشەکشە بە بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری نییە، دەیەوێت لەرێگای هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان و هیێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، سەرنجی رای گشتی بگوازێتەوە بۆسەر سنورەکان و هەرێمی کوردستان و پەلاماری هێزەکانی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن...**

# لەدەسپێکی تازەی ساڵی خوێندندا...

# خوێندن و پەروەردە ڕەنگدانەوەی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسییە...

عەبدوڵا مەحمود

ناوەراستی ئەم مانگە دەسپێکی ساڵی خوێندنی ٢٠٢١–٢٠٢٢ دەست پێدەکات و دەرگای قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان دەکرێتەوە.

لە کاتێکدا دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە، کە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو لەوپەڕێ خراپیدایە و تادێتیش بەرەو خراپ تر دەچێت. ڕێژەی بێکاری و هەژاری بەخێرایەکی زۆر دەچێتە سەرەوە، گرانی بازار وەکو ئەژدیهایەک دەستی ناوەتە بینەقاقای بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە. سلکی خوێندن و پەروەردە بەرەو دارِمانێکی ئاشکرا پەلکێش کراوە. نەبوونی بینای پێویست بۆ قوتابخانە و پەیمانگاکان، نەگونجاوبوونی بیناکان، نەبوونی پێداویستیەکانی خوێندن، وەکو کتێب و قەڵەم و کورسی و تاقیگەو... پرۆسیسی خوێندن و فیرکردن و پەروەردەی شەلەل کردووە. بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکارییەوە ڕێژەی نەچوونی و نەناردنی منالان بۆ خوێندن هەڵکشاوەو ئەو منالانە ناچار بەوە کراون لە جێگای قوتابخانە، مل بە بازاڕی بێرەحمی سەرمایە بدەن و ببنە سەرچاوەی کاسبی بۆ خێزانەکانیان.

نەبوونی موچەو دواکەوتنی و دڵەڕاوێکی بڕینی موچەکان و لێقرتاندنی، هەمیشە سایەی بەسەرسەری مامۆستایانەوەیە. هەلومەرجی کارمەندانی پەروەردەو مامۆستایان بەتایبەتی لە چەند ساڵی رابردوودا، کە نیوە موچە و چارەکە موچەیان پێدەدرا، ئاستی ژیان و گوزەرانیانی توشی دارِمان کردووە بەو هۆیەشەوە توانایی ئەو توێژەی کەمکردۆتەوە. دابەزینی رادەی دەرچوون بۆ نزمترین ئاست ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوەیە. نەبوونی موچەو هاتنی کۆڕۆنا ڤایرۆس و بی دەربەستی سلکی تەندروستی و پەروەردە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم گرفتانە، دواکەوتنی خوێندن و داخستنی قوتابخانەکانی بەدوای خۆیدا هێنا گورزی وەشاندە خوێندنی ساڵی رابردوو.

زاڵکردنی کەشی کۆنەپەرستی لەناو زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکاندا، تا دەگات بە هەرەشەو چاوسورکردنەوەو ترساندن لە قوتابخانەکاندا، لایەنێکی ترە کە پرۆسیسی خوێندنی بەرەو وێرانەیی بردووە. هاوکات مەنهەجی خوێندنی کۆنەپەرستانەی سەرچاوە گرتوو لە دین و خورافاتی دینی، تا دنەدانی دیدو روانینی ناسیونالیستی و تیکەڵکردنی ئەمانە لەگەڵ مەنهەجەکانی خوێندندا، خودی ناوەندەکانی خوێندنی گۆڕیووە بۆ ناو کایەی سیاسی و دوورکەوتنەوە لە فیربوونی زانستی و دیدی ئیساندۆستانەو ژیان دۆستی.

بەجیا لەوانە دیارنەبوونی هیچ ئایندەیەک بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و دانەمەزراندن و دەستگیر نەبوونیان لە هیچ کارێک، وای کردووە گرنگی دان بە خوێندن لاواز ببێت. هۆکارێکی سەرەکی کۆچی لاوان و تازە لاوان بۆ وڵاتانی ئەوروپا ڕاکردنە لەو دۆزەخە و وێڵ بوونیانە بەدوای ژیان و کاردا.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، لەبەرامبەر بەم دۆخەی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا، نەک هەر بێباکە، بەڵکو خۆی هۆکارێکی ئەم کەشە نەخوازراوەیە کەبەسەر کۆی سیستەمی پەروەردەو خویندن و فیرکردندا زاڵکراوە. چونکە گومان لەوەدانییە، کە سیستەمی خوێندن و پەروەردەو فیرکردن ڕەنگدانەوەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسییە. ناکرێت سیستەمێکی دواکەتووی کۆنەپەست خوێندن و پەروەردەو مەنهەجی خوێندنی پیشکەوتنخوازو ئینسانی بێت. هەر وەکو ناشیت سیستەمێکی سیاسی مۆدێرن و کراوە و ئینسان دۆست، سیستەمی پەروردەو خوێندن و فیرکردنی دواکەتوو و داخراو سەرکوتگەرانەو لەسەر مەبنای گیلکردن و گەوجاندن دامەزرابێت.

سیستەمی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان، ڕەنگدانەوەی سیستەمی سیاسی شکستخواردووی دەسەڵاتێکی میلیشیایی تالانچییە.

هۆکاری ئەوەی ئەلگۆ و فۆرمی سیستەم و خوێندنی دانیمارکی و سویدی لە کوردستان ناتوانرێت پیادە بکرێت، دەسەڵاتی سیاسییە. ناکرێت خوێندن و پەروەردەو فێرکردن تیکەڵ بەدین و سیاسەت بکرێت و هاوکاتیش چاوەروانی ئەوە بیت، فۆرمی و ئەلگۆ سویدی جێ بەجێبکرێت و سەرکەوتوبێت. ناکرێت مامۆستا موچەی نەبێت و خوێندکار و قوتابی برسی بن و پیداویستیەکانی خوێندن لە بیناوە تا تاقیگەو مەنهەجی خوێندن فەراهەم نەکرابن و چاوەروانی سەرکەوتن و پیشرەوی لە خوێندن و پەروەردەدا بکرێت.

خوێندن و پەروەردە وەکو سەرجەم بوارەکانی تری لە چەشنی تەندروستی، ڕێگاو بان، یاساو سیستەمی دادوەری... ناکرێت لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا وەڵام دەرەوەی ویستی خوێندکار و قوتابیان و خواستی گشتی کۆمەڵگە بێت.

ئەگەر هێشتا خویندن و پەروەردە و فیرکردن لە کوردستان نەتوانراوە بەتەواوەتی ئیسلامیزە بکرێت، نەتوانراوە بەتەواوەتی لەبەین بچێت، هۆکارەکەی راوەستاوی بەرەو بلۆکی ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستانە، لە پیشیانەوە مامۆستایان و کارمەندان و شارەزایانی دلسۆزی بواری پەروەردەیە. مەیدانی خوێندن و پەروەردە وەکو هەموو بوارەکانی تر مەیدانی بەرامبەرکێی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەیە.

کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە سیستەم و ئەلگۆیەکی سەردەمی خوێندن و پەروەردەیە، کە بەبێ کۆتایی هێنان بەو دەسەڵاتە مەیسەر بوونی لەمەحاڵ نزیکە. ساڵی تازەی خوێندن دەست پێدەکات، لەگەڵیشدا ململانێی لەگەڵ دەسەڵات بۆ سەرەتاییترین پیداویستیەکانی زامن بوونی کەشیکی سادەو ئاسایی خوێندن و پەروەردەش دەست پێدەکات. پرسی موچە، زیادکردنی موچە، دامەزراندن، بردنە سەری توانایی مامۆستایان، قوتابخانەی شیاو، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی سێ دەوامی، تا دەگات بە بەرگرتن بە شەپۆلەکانی کۆنەپەرستی... مەیدانی ئەو بەرامبەرکێیەن.

خوێندکاران و مامۆستایان و کەس و کاریان، پێویستە دەستیان لەناودەستی یەکتریدا بێت، بۆ باشترکردنی پرسی خوێندن و پەروەردە. لەو نێوەدا بوونی ریکخراوەی مامۆستایان و خوێندکاری سەربەخۆ کە بەرژەوەندی هاوبەشی مامۆستایان و خوێندکاران و پرسی خوێندن و پەروەردە، بێ گوێدانە ناسنامەی حزبی و بیروڕای سیاسی، مەبناکەی بێت، دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت بۆ گێرانەوەی ئیرادە بۆ مامۆستایان و خوێندکاران و کەس و کاریان و هەنگاونان، بۆ تورِهەڵدانی ریکخراوە مامۆستایان و خوێندکارییە حزبی و گوێ لەمستەکان. هاوکاتیش دەتوانێت ئاراستەی خوێندن و پەروەردە، بە ئاقارێکی شیاودا ببات و ببێتە گوشاری کاریگەریش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی.

**ناوەراستی سێبتەمبەری ٢٠٢١**

---

# لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.**

*** بۆ پیشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

- **ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرس لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

# کاپیتالیزم و تەکنۆلۆژیای توندترکردنەوەی زۆر و فشار بۆ سەر کرێکاران

نووسینی: سالار حمەسەعید

سەرمایەداری پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە لە توندترکردنەوەی فشارەکانی بۆ سەر کرێکاران، لەم بارەیەوە دەکرێ بوترێ قۆناغی پێش پەتا و قۆناغی پاش پەتای کۆرۆنا. خاوەنکارەکان پەنایان بردۆتەبەر هەندێ بەرنامەی تایبەت بۆ چاودێرکردنی کرێکاران، ئەو کرێکارانەی کەلەماڵەوە کاردەکەن واتە جاران چاودێریەکان لەکاتی کارکردندا بوو و لەبەردەرگای شوێنی کار کۆتایی بەو چاودێرییە دەهات، بەلام پاش ئەم پەتایە بۆرژوازی بەهانەی کەوتە دەستەوە کە قەڵەمڕەوی دەسەلاتەکەی ببەرێتە ناو ماڵەکانەوە وە چاودێریەکانی بەردەوام بێت. پەتای کۆرۆنا بووە هۆی سەرهەڵدانی بەرنامەکانی چاودێری لەشوێنی کاردا وە ئەم چاودێری و بەرنامە تایبەتانە کە بۆ ئەم مەبەستە خوڵقێنراون بەردەوام دەبێت و هەروا بەئاسانی لەکۆڵ کرێکاران نابێتەوە تەنانەت بە نەمانی پەتای کۆرۆناش. کریکاران سەرەتا خۆشحاڵ بوون بە کارکردن لەماڵەوە، چونکە شوێنی کارەکانیان داخرا بەهۆی کۆڤیدی ١٩ەوە بەلانی کەمەوە لەبەرئەوەی لە هەندێ خەرج و مەسرەف رزگاریان دەبێت بەتایبەتی خەرجی هاتووچۆ. هەندێ لە کرێکاران ئەمەیان بە دەرفەت زانی بۆ پشوو، چونکە کارەکانیان تاقەت پرووکێن بوو وە گەیشتبووە ڕادەیەک کە نەیاندەتوانی لەگەل باروڕەوشی کارکردندا باربێن. هەر لە هەفتەی یەکەمی کارەکانیاندا بەرنامەیەکی دیجیتاڵی چاودێری خرایە بەردەمیان کە پێیدەوترا "سنیک ."بەپێی ئەو بەرنامەیە هەر دەقیقەیەک وێنەیەکی زیندوو لەکرێکارەکان دەگیردرێ لەڕێگەی وێب کامی لاپتۆپەکانەوە. وێنەی سەری کرێکارەکان کەبە دیواری ئەو ژوورەدا بلاودەکرێتەوە لەکۆنفرانسێکی دیجیتاڵیدا وە بەردەوام دەگۆڕێ. هەر دەست پیانانێک بە وێنەی سەروچاوی یەکێک لە ئامادەبووان بە تەنیایی دەتوانرێ بخرێتە پەیوەندیەکی ڤیدیۆییەوە لەگەڵیدا. هەر زوو هەندێ بەرنامەی سۆفت وێری وەک "سنیک" یا "تاتڵ وێر" یا "بۆس وێر" سەریانهەڵدا بۆ ئەم مەبەستە. لە مانگی نیسانی سالی رابردوەوە داواکاریەکان بۆ چاودێری لە دوورەوە "ریمۆت" لەڕێگەی گووگڵەوە لەسەدا ٢١٢ زیادی کردوە وە لە مانگی نیسانی ئەمسالدا بە ڕێژەی لەسەدا ٢٤٣ زیادی کرد. بەپێی "ئەکتیڤ تراک" تەنها لە مانگی نیسانی ٢٠٢٠ دا لە ٥٠ کڕیارەوە گەیشتۆتە ٨٠٠ کڕیار وە لەکاتی پەتاکەدا گەشەی کردوە و ئیستا گەیشتۆتە ٩٠٠٠ کڕیار واتە ٩ هەزار کۆمپانیا کڕیاری ئەم دەزگایانەیە لە گووگڵ وەک دەگوترێ. ئەم بەرنامەیە بژاردەی جیاجیای هەیە بۆ چاودێریکردنی چالاکی ئۆن لاینی کرێکاران هەروەها بەرهەمی کارەکانیان و هەلسەگاندنیان. لە سکرین شۆت کردنی شاشەی کرێکارەکان تا هەر بەکارهێنانیکی گووگڵیان لەسەر ئینتەرنێت.




کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری ئەم دەزگا چاودێری وسیخوڕیانە دەستیانداوەتە بەرهەم هێنانی جۆری جیاواز لەم سۆفت وێرانە بەناوی جوارجۆری وەک "فلێکس سپای" و "سپای تێک" و "نێت ڤزۆر". خاوەنکارەکان تەنانەت چاودێری ئیمەیلی کرێکارانی ئەو کۆمپانیایانەش دەکەن. پێش ئەم پەتایە خاوەن کار نەیدەتوانی چاودێری کرێکار بکات پاش چوونە دەرەوەی لەسەر کارەکەی بەلام ئەم پەتای کۆرۆنایە باروڕەوشێکی هێنایە پێشەوە کە قەڵەمرەوی چاودێری گەیاندە دیوی ناوەوەی ماڵی کریکاران. خاوەن کارەکان دەیانەوێ بزانن کرێکارەکانیان لەسەر چ وێب سایتێکن و سەیری چی دەکەن وکاتی کارکردنیان بە چییەوە بەسەردەبەن، دەیانەوێ زانیاری تەواو وەرگرن سەبارەت بە چالاکیەکانی کرێکاران کە دەیکەن لە پشت لاپ تۆپەکەیانەوە. تەنانەت ئەگەر خاوەن کارەکە یا بەرپرسی راستەوخۆی کارەکەی بیەوێ دەربارەی پاش کارکردنیش زانیاری بزانێ و کۆبکاتەوە لە ڕووی یاساییەوە کرێکاران هیچیان لەدەست نایەت بیکەن دژ بە خاوەن کارەکانیان لە زۆربەی ولاتانی رۆژئاوا. لەبەرئەوەی ئەگەر خاوەنکار ئەو دەزگای چاودێریە بەکاربێنێ ئەوا تەنانەت پاش تەواوبوونی سەعاتەکانی کاریش دەتوانێ چاودێریان بکات تا بزانێ کرێکاران دوای کارکردن خەریکی چین و تەنانەت دەستی بگات بە وردەکاری زۆر تایبەتی کرێکاران لەوانە پەیامی تایبەتی سەر فەیس بووک و ژمارەی نهێنی حسابی بانکیەکەی کە دەچێتە سەری لە ڕێگەی لاپ تۆپەکەیەوە "ئۆن لاین بانکین". بۆرژوازی دەیەوێ دەسەلاتەکانی زیاتر بکات بەسەر کرێکارانەوە، دەیەوێ زیاتر دەستەمۆیان بکات و ئاگاداری هەموو شتێکیان بێ. بۆرژوازی لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان پەنادەباتە بەر چاودێری بەردەوامی کرێکاران نەوەک لە ڕێژەی قازانجی بهێننە خوارەوە، چونکە سەرمایەداری هەر بەردەوام لەبیری بردنە سەرەوەی قازانجە لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە.

**سەرچاوەکان: گاردیانی ٥ی سپتمبەر گاردیانی ١٧ی سپتمبەر.**

# ڕژیم بە هێرش بۆ سەر حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، ترس و بێ دەسەلاتی خۆی نیشان دەدات..

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی



لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا یەکێک لە بەرپرسانی هێزی زەمینی سوپای تێرۆریستی پاسداران بە ناوی محەمەد خاکپور کە یەکێک لە مۆرە جینایەتکارەکانی ڕژیمە، جارێکی تر بە ڕوهەڵماڵڕاوەیی و بێ ترس و گوێدان بە پەیماننامە نیو نەتەوەییەکان هەڕەشەی لە حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران کرد. دوا بە دوای هەڕەشەی خاکپور ڕۆژی پێنج شەممە کاتژمێر شەشی سەر لە بەیانی ڕیکەوتی ٩ی سێپتامبری ٢٠٢١ی زایینی چەندین فرۆکەی شەڕکەڕی ئەرتەشی ئێران سنورەکانی هەرێمی کوردستانیان بەزاند و بارەگای حیزبە کوردستانیەکانی دژبەری ڕژیمیان لە بەرزاییەکانی بەربەزین و ئالانە بوردومان کرد.

ماوەی زیاتر لە چوار دەیەیە کە کۆماری ئیسلامی خۆی بە سەر خەڵکی ئێران دا سەپاندووە و کوردستان لە یەکەم ساتەکانی نای وت بە ڕژیمی ئێران و سەرەرای زەبر و زەنگی ڕژیم لەو ناوچانە تا بە هەنووکەش خەڵکی کوردستان و حیزبە کوردیەکان و هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەگشتی، بێ ڕاڕایی نایان بە کۆماری ئیسلامی وتووە، ئەوە یەکەم جار نییە ڕژیم دژ بە ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆن، تاوانی لەو جۆرە دەخولڨێنی و بێ گومان تا ڕوخانی ڕژیمیش کۆتایی نایە. لە ماوەی دەسەڵاتداریتی ڕژیم بە دەیان جار هێرش کراوەتە سەر حیزبە کوردیەکان و هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی رژێمی ئیران و بە بیانووی جۆراو جۆر ناوچە سنووریەکانی هەریمی کوردستان تۆپباران کراون و زەرەری گیانی و ماڵی بە خەڵکی ئەو ناوچانە گەیشتووە. ئەوەی جێگای داخە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کە هەمیشە بەرژەوەندی دەسەلاتە گەندەلەکەی بۆ گرینگە و هیچ گرینگیەک بە خەڵکی هەرێم و خەڵکی ئازادیخواز نادا لە بەرامبەر ئەو هێرشانە هەمیشە بێ دەنگی نواندووە و بیر وڕای خەڵک بە لاڕیدا دەبا. سەرەرای هێرشی ئاسمانی و زەوینی بۆ سەر ئەحزابی کوردی دەیان کادری ئەو حیزبانە لە خاکی هەریمی کوردستان لە لایەن تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران کەهۆکاری سەرەکیشی دەسەلاتی گەندەڵ و ناکارامەی هەریمی کوردستانە. کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا گلۆلەی کەوتۆتە لێژی و لە بەرامبەر قەیرانە ئابوریەکان و پرسەکانی ناوخۆی دەستەوەستانە و ماهیەتی دزێوی ساڵەهایە بۆ خەڵک روون بۆتەوە، لە ریگای ئەو هێرش و هەڕەشانە دەیەوێ خۆی لە قەیرانەکان دەرباز بکات و بیرو ڕای گشتی بە لارێدا بەرێ. ئەوەی کە جێگای داخە ناکارامەیی و نابەرپرسیارێتی دەسەلاتی هەرێمە کە گیان و ماڵ و ژیانی خەڵکی بۆ گرینگ نییە و تەنیا بیر لە بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەی دەکاتەوە و ریگا دەدا دەولەتانی دراوسێی لەوانە ئێران و تورکیە سەروەری خاکەکەی ببەزێنن و دەستدرێژی بکەنە سەر ژیان و ماڵی خەڵکی ناوچەکە. هێرشەکانی ئێران لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە هاوکات ساڵەهایە ئەرتەشی تورکیە بە سەرۆکایەتی ئەردۆغانی جینایەتکار بە بیانووی بوونی پ کا کا، ناوچە جۆراوجۆرەکانی هەرێم تۆپ باران دەکات و زەرەر و زیانی گیانی و ماڵی بە خەڵکی دەڤەرەکانی سەر سنوور دەگەیەنێ. تورکیە و ئێران هاوکات دەستیان کردووە بە تێرۆری کەسانی جیابیر و ئازادیخوازی دژبەری خۆیان و بە چاوساخی کەسانی سەر بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان زۆر بە سانایی تەشەنەیان کردووە سەر ئەو هەرێمە و بە ڕوهەڵماڕاوەیی کردەوە قیزەونەکانی خۆیان بەرێوە دەبەن. کۆماری ئیسلامی کە بەرانبەر هێزی ئازادیخواز و خەڵکی و جەماوەری و مانگرتنە کرێکاریەکان کە رۆژ بە رۆژ بە شکۆیەکی زیاترەوە بەڕێوە دەچی دەستەوەستان ماوەتەوە و بەوە گەیشتوە کۆتایی دەسەلاتە دیکتاتۆر و جینایەتکارەکەی نیزیکە وەک هەموو ڕژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە دەستی داوەتە کوشتن و بڕین و سەرکوتی خەڵکی نارازی وئازادیخواز لە ئێران و تەنانەت دەست لە دەرەوەی سنورەکانیش ناپارێزێ. ڕژیم بە خەیاڵی خاوی خۆی وا دەزانێ بەو هێرش وتێرۆرانە دەتوانێ فەزایەکی ترس و تۆقاندن دروست بکات و خەڵک سەرکوت و بێ دەنگ بکا، بەلام

بۆ لاپەڕە 11



# بەدیلی هەڵبژاردنی دزەکان، دەسەڵاتدارێتی خەڵکە!

نووسینی: عبدالرحمن رەسوڵ

هەموو شتێک سەرەتا و کۆتایی هەیە، بەپێی قۆناغەکان دەبێت گۆرانی بەسەردا بێت، ناکرێت بەنەگۆڕی بمێنێتەوە. خودی مرۆڤ پێش ئەوەی کەلەدایک بێت دڵۆپە ئاوێکە بەهۆی جوتبوون و سێکسکردنی ژن و پیاوێکەوە دەبێتە مرۆڤ. کەسەرەتا زۆر ساوایە و هیچ نازانێت تەنها بەگریانەوە داواکارییەکانی خۆی دەخاتە روو بۆ مرۆڤە گەورەکانی دەوروبەری. زۆرجار گریانەکانی بەهەڵە لێک دەدرێتەوە لەلایەن گەورەکانەوە، جار هەیە بەهۆی گەرماو سەرماوە دەگریەت، گەورەکان دەڵێن نەخۆشە، بەڵام نەخۆش نییە هیچ کێشە تەندروستی نییە، جار هەیە ئازاری هەیە گەورەکان دەڵێن بۆیە دەگری برسێتی یان تینوێتی، خواردنی شیری پێ دەدەن . لەکۆمەڵگەی دواکەوتوو هەر لەگەڵ لەدایک بوونی منال مۆری جیاکاری لەنێوچاوانی دەدەن کە رەگەزی مێ بێت پێی دەڵێن ناقس عاقل و دەبێتە پلە دووی رەچاوکردنی مافەکانی هەروەها هەمیشە گوێرایەڵی پیاوبێت. هەر بۆیەشە کۆمەڵگەیەک بەم جۆرە دژایەتی رەگەزی مێ بکات هەرگیز ناتوانێت ببێتە خاوەن دەسەلات وحکومەتێکی عەدالەتخوازو ئازادیخواز.

دوایی لەدایکبوونی منال لەکۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و عێراق وکوردستان و ئێران منالان زۆرینەیان دوور لەخواستی خۆیان راپێچی پەروەردەی قەومی و دینی بەپێی خواستی گەورەکان دەکرێن.

لەناو کارگەی ئەم جۆرە بەرهەمهێنەرە دینی و قەومی یانەدا جارێکی تریش منال دابەش دەکرێت بەسەر دین وقەوم ونەتەوە و رەگەز پەرستییەوە. ئەمەش بەبێ خواست و ئارەزوومەندانەی منالانە، چونکە منال هەتا تەمەنی ١٨ساڵانە زیاتر ئارەزوومەندی ئەنجامدان و سەیرکردنی جۆرەکانی یاری و سەماو گۆرانی و شادی وخۆشییەکانیەتی، نەک ئارەزوومەندی پەروەردەی دابەشکاری بەسەر دین و نەتەوە و ناوچە و رەگەز جیاوازەکاندا کەتەنها رق و کینە بەرهەم بهێنێت. مرۆڤ لەقۆناغی هەرزەکاریدا زیاتر حەزو ئارەزووەکانی بەرەو هەبوونی خۆشەویستی و دیاریکردن و ساغ بوونەوەی لەجۆری ئامانج و هیواکانی ملدەنێ کەبریتی یە لە هەبوونی کەسایەتێکی سەرکەتوو بەدڵی خۆی هەتا وکو ببێتە خاوەن پیشەیەکی سەرکەوتوو. نموونە مامۆستایەکی سەرکەوتوو یان پزیشکێکی سەرکەوتوو یان بازرگانێکی سەرکەوتوو یان جوتیارێکی سەرکەوتوو یان هونەرمەندێک و شاعیرو نووسەر و هەر پیشەیەکی کەخۆی ئارەزوومەندە لەگەنجێتی کاری لەسەر دەکات. ئەمانە جۆرە حەزو ئارەزومەندانەی گەنجێتی یە، بەلام لە عێراق و کوردستان و ئێران هەر پێش ئەوەی لەدایک بن زیندەبەچاڵ دەکرێن، خەون و ئامانجە ئینسانییەکانیان لەجیاتی ئەم خواست وحەزو ئارەزووە ئینسانییانە لەلایەن گەورەکانەوە بەهۆی پەروەردەی دینی وقەومییەوە کەلەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەرێوە دەچێت جارێکی تریش دیسان ئەم مرۆڤە گەنج ولاوانە بەرەو دابەشکاری قەومی ودینی رەگەزی دەبەن بۆئەوەی شەربکەن لەسەر هەبوونی ناوی علی و عمرو شەر بکەن لەسەر پاوانخوازی خاکی شارو گوندێک کە لەلایەن سیاسی یەکانی دەسەڵاتداری، ناوچەو شارەکەوە هاندەدرێن و لەوێشەوە خوێندن وپەروەردەی قوتابخانەو زانکۆکان پر دەکرێت لەوێنەی سەرۆک خێڵ و حیزب و عەشیرەتی کۆنەخواز بەناوی نیشتمان پەروەرو سەرکردەی شۆرش و سەرۆکی نیشتمان و کاریزماوە بەگەنجانی خوێندکار و قوتابی دەناسێندرێن. بەبێ خواستی خۆیان وبەزۆر وێنەکانیان دەبێت لەماڵ و دوکان و شوێنی ژیانیان هەڵبواسن. دواتر ئەم مرۆڤانە پیر دەبن ودەبنە بەساڵاچوو بەشێکی زۆریان بەهۆی نەخۆشی و نەبوونی چارەسەری پێویست ماڵئاوایی لەژیان دەکەن، بەشێکیشیان بەگەنجی دەکرێنە قوربانی شەری قەومی ودینییەوە، بەشێکی تریشیان لەمرۆڤەکان لەسەر خیابان وشەقامەکان بەهۆی هەژارییەوە تووشی سوالکردن وپارانەوە دەبن بۆ ئەوەی خێریان پێ بکەن هەتا نەمرن لەبرسان .

لەبیرمان نەچێت بەشێکی تریش لەو مرۆڤانە دەبنە کوێلەو جاسوس بۆ لەناو بردنی مرۆڤەکانی گەرەک و خزم و کەسوکاری خۆیان .

لەناو ئەم جۆرە راهێنان و پەروەردە دینی و قەومییە ئەوە بەرهەمەکەیەتی کە بەدرێژایی حکومەتی عێراقی دەبیندرێت، کەبەدرێژایی حکومەتی کوردستان دەبیندرێت کە مرۆڤەکان بەگشتی دابەش دەکەن بەچەند جۆرێک بەم شێوەیە ١:- ئەوانەی کە لەژێر فەرمانی خۆیاندان دەیانکەنە قوربانی لەشەرەکان، بەزۆر خۆپیشاندان و نارەزایەتی خەڵکیان پێ سەرکوت دەکەن، بەمەش دەیانکەنە دوژمنی خەڵکی کۆمەڵگە ئەمەش تەنها بەپێدانی پارەو کرێی کارکردنیان کەشەوانە و رۆژانە پاسەوانی دەسەڵاتی سەرکوتگەرو دزن .

٢-بەشێکی تریش لەمرۆڤەکان بەپێدانی پارە دەیکەنە جاسوس و دەیان نێرنە ناو خەڵکی گەرەک و شوێنەگشتییەکان و هەروەها ناو رێکخراوە بەناو مەدەنی و پیشەییەکان هەتا وەکو ئەو مرۆڤانە دەستنیشان بکەن کە رەخنە لەدەسەڵاتی دزو گەندەڵ دەگرن. دواتر راپێچی زیندانەکان بکرێن یان تیرۆربکرێن یان فشاری وجۆراوجۆریان بخەنە سەر هەتا ناچاری چەمانەوەیان بکەن لەبەردەم سەرجەم یاسا زۆرەملێ کانیان .

٣-بەشێکی تریش ئەو مرۆڤانەن کە دڵسۆزی خەڵکن بەردەوام راستگۆن بەهیچ جۆرێک کۆیلایەتی قبوڵ ناکەن. ئەم مرۆڤانە بەپێی جێبەجێکردنی نەخشە رێگای دەسەڵاتی ملهوری چەوسێنەر، بەردەوام دەسەڵات هەوڵدەدات بیانکرێت ودەستەمۆیان بکات، ئەوانەی کە دەستەمۆ نابن هەنگاو بەهەنگاو پەراوێز دەخرێن لەبوارەکانی ژیان بۆئەوەی ئیرادەیان تێکبشکێنن. یان ناچاری بەجێهێشتنی کۆمەڵگایان بکەن یاخود تیرۆریان دەکەن.

٤-بەشێکی تر لەمرۆڤەکان بەوجۆرە پەروەردە دەکەن کە وەک خۆیان فێڵبازو دووروو بن، پارەیان پێدەدەن بۆئەوەی هەروەک ئەوانی تر رەخنەیان لێبگرن لەدەسەڵاتیان، بەلام ئامانجیان لەلایەک بۆ خستنەناو هێزو بەشەی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی رادیکاڵە بەرامبەریان بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا لەسەر خواستی دەسەلات جیابوونەوەو لێکترازان دروست بکەن. ئامانجی دەسەڵات ئەوەی ریسکەی تێکۆشەرانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز بخەنەوە خوری رێگربن لەخەباتی یەکگرتوویی.

٥- بەشێکی تریش مرۆڤەکان بەوجۆرە پەروەردە کراون کە بەئامانجێکی دیاریکراو. بۆنموونە هەروەک ئیسلامییەک یان هەروەک چەپ وشیوعی و کۆمۆنیستێک و ئەتائیستێک ئەمەش بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا رووداویان پێ سازبکات بەئامانجی گۆرانی ئاراستەی کۆمەڵگە بەپێی بەرژەوەندی دەسەڵات ئەمەش بۆئەوەی خەڵک دابڕێت لەخەباتی چینایەتی و تێکۆشانی یەکگرتووانەی بۆ هێنانەدی خواست و داواکارییە رەوا وئینسانییەکانی.

چەندین جار لەکوردستان خەڵک لەوپەڕی نارەزایەتی دابووە، بەلام دەسەلات لەژێرەوە کار ئەکتەری خۆی جولاندووە دواتر کۆمەڵگەی بەپێی بەرژەوەدی خۆی ئاراستەی کردووە، ریسەکەی نارەزایەتی جەماوەری کردۆتەوە خوری. ئەزیزان بەدرێژایی حیزبەکانی پارتی ویەکێتی بەو جۆرەبوون، بەهەبوونی بزووتنەوەی گۆران و ئیسلامی وشیوعییەکان و نەوەی نوێش باشترو بەهێزتر پایەکانی ئەو دەسەڵاتە چەوسێنەرو کۆنەخوازو دزە راگیراوە. لەبەرئەوەی هەموویان بەبێ جیاوازی بەرگریان لەهەمان سیستەم و دەسەڵاتی خێڵ گەراو کۆنەخوازو سەرمایەدارە کردووە. هەموشیان بەناوی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی خۆلیان کرۆتە چاوی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و بێکاری کۆمەڵگەی کوردستانەوە هاوشانی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق بەگرو تینەوە چەوسانەوە و دزی و گەندەڵیان بەرهەمهێناوەو دریژەیان پێداوە و خەڵکیان سەرکوتکردووە و تیرۆرکردووە. سەیرەکەن و بیربکەنەوە کەبەناوی هەڵبژاردنەوە و چۆن جەستەی جوانی کۆمەڵگە لەناو دەبەن، سەیرکەن و بیربکەنەوە چۆن هێزو ئیرادەی منالان و گەنجان تێکدەشکێنن و لەناو دەبەن. هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەواتای هەڵبژاردنی باشترین دزو چەتەو گەندەڵکار دێت، نەک خزمەتکاری خەڵک وبەرێوەبردنی کۆمەڵگە. لەو پەرلەمانەوە موچەی پلەی باڵاکان دیاری دەکرێت و دەنگی لەسەر دەدرێت بۆ سەرۆک خێڵ و سەرۆک حیزب و بەرپرسەکانی حیزب و مەلا و قەشەکانی ولات. پێویستە گەنجان و لاوان ئەوەندە وشیاربن کە سەرجەم سیستەم و دەسەڵاتی سەرمایەداری یەک بنەمایان هەیە ئەویش کۆکردنەوەی پارەیە بۆ کەمینەیەک لەو پەرلەمانەوە شەرعیەتی پێدەدرێت. لەساڵی ١٩٢٠ یەکەم حکومەتی عێراق کەدامەزراوە کەپەرلەمان وەدنگدان کراوە هەتا ئێستا، لەکوردستان لەساڵی ١٩٩٢وە هەتا ئێستا کاری ئەم پەرلەمانانە تەنها شەرعیەتدان بووە بەکاری دژە ئینسانی سەرۆکی حیزبەکان و بەخشینەوە پارەی گشتی ولات بووە پێیان، تاپۆکردنی بیرەکانی نەوت و سامانی گشتی ژێر زەوەی و سەرزەوەی بوو بۆیان. لەکام خولەی پەرلەماندا توانیان بە بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بگوترێت کوا داهاتی پێش ١٩٩١ تان چەندبوو؟!! ئەی بۆچی ئێستا کۆشک تەلاری بەرزو خاوەن کۆمپانیا وکەشتی و ئوتێل وکاری بازرگانی جۆراوجۆرن نەک لەکوردستان وعێراق، بەڵکو لەوڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی؟؟! ئاخر پەرلەمانێک نەتوانێت پاش چەندەها ساڵ و چەندەها خولی پەرلەمانی بیمەی بێکاری بۆ خەڵکی بێکار دابین بکات بۆئەوەی نەمرن لەبرسان وسواڵ نەکەن هەتا سێ ژەمەکانی رۆژانەیان بخۆن

بۆ لاپەرە 11

ئەم پرسی ژن ؟ تەوەرە



تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتییەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماووەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# توندوتیژی چیە؟




**نووسینی: مەڵبەند عبدولواحید**

توندوتیژی یەکێکە لە کارە قێزەونەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێگومان کۆمەڵگەی ئێمەش بە دوور نییە لەم کارە قێزەونە. توندوتیژی شانۆگەریەکەی تراژیدیایە کە لەلایەن خودی مرۆڤەوە نمایش دەکرێ و ئەکتەری سەرەکی ئەم نمایشە مرۆڤ خۆیەتی. ناوی شانۆگەریەکەش تۆڵەیە. چونکە بیرمان نەچێت توندوتیژی لە ئەنجامی تۆڵەکردنەوە لە هەڵەیەکی بەرامبەرەوە دروست ئەبێت. بۆیە لێرەدا دەمەوێ زۆر بە کورتی باسی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژن و منداڵ بە تایبەتی بکەم .

توندوتیژی: دیاردەیەکی مێژووی و جیهانیە بریتیە لە پەنابردنە بەر هێز بۆ ناچارکردنی تاک یان گروپ و کۆمەڵ دژ بە خواست و ئارەزووی خۆیان. واتە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان لەرێگای هێزەوە لە جیاتی زمانی گفتو وگۆ و دیالۆک .

دەتوانین بڵێن توندوتیژی بریتیە لە بریندارکردنی بەرامبەر ئینجا بە هێرشکردن بێت یان بە زارەکی بێت واتە دەروونی بێت یان جەستەی بێت، کە پێموایە هەندێجار توندوتیژی دەروونی کوشندەترە، چونکە توندوتیژی هەر ئەوە نییە کەسی توندوتیژ هێرش بکاتە سەر کەسی بەرامبەر و خوێنی لێبێنێ. بەڵکوو هەندێ جار قسیەک کاریگەری لە چەقۆیەک زیاترە. دەروناسی ئەمریکی بە ناوبانگ (سکێنەر) دەڵێت: توندوتیژی لە بیرەوە سەرچاوە دەگرێت دواتر دەبێت بە ڕەفتار، خۆ ئەگەر نەبێت بە ڕەفتاریش ڕەنگە بە جۆرێکی تر دەرببڕدرێت. ئەگەر بگەرێینەوە سەر تیورەکەی زانای بە ناوبانگ (سیگمۆند فرۆید) کە بە بروای فرۆید هەر مرۆڤێک دوو هێزی هەیە هێزی خێر و هێزی شەڕ یاخود دوو غەریزە بوونی هەیە یەکەمیان (ئیرۆس)ە کە غەریزەی ئاشتی یە کە داوای بەخشین دەکات واتە میانرەوە.

غەریزەی دووەم کە (ساناتۆس)ە کە داوای شەڕ دەکات و توندرەوە و شەرانگێزە، هەر کاتێک (ساناتۆس) زاڵبێت بە سەر (ئیرۆس) دا ئەو کات تاک هەوڵی توندوتیژی ئەدات.

بە بروای (ئەلبێرت بانۆرا) منداڵ لاسای گەورە ئەکاتەوە یانی ئەگەر منداڵ لە ژینگەیەکی نا دروست گەورە بێت بیگومان لە گەورەیدا توندوتیژ ئەبێت هیچ گومانی تێدا نییە فیلم و ئەفلام کارتۆن کاریگەری خراپیان هەیە لەسەر کەسایەتی منداڵ.

زاناکانی دەروون ناسی کۆکن لەسەر ئەوەی منداڵ لە پێنچ ساڵی یەکەمی تەمەنی ئەبێت پەروەردەیەکی گونجاو بکرێ بە پێچەوانەوە کاریگەری خراپی لەسەر منداڵ ئەبێت. و هەر توندوتژیەک بەرامبەر منداڵ بکرێ ئەگەر چاو سورکردنەوەکیش بێت کاریگەری خراپی ئەبێت لە سەر منداڵ.

کەسی توندوتیژ کێیە؟؟

. 1 ئەو کەسەنەی زۆر هەرەشە ئەکەن و رق و کینەیان لە دڵە.

.2 ئەو کەسەنەی لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر لاوازن.

.3 ئەو کەسانەی لە منداڵیدا توندوتیژیان بەرامبەر کراوە لە لایەن باوک و براو ماموستا ....هتد

.4 ئەو کەسانەی حەز بە چەک و جۆرەکانی تەقەمەنی دەکەن.

.5 ئەو کەسانەی لە رووی سۆز دارییەوە ساردن.

.6 ئەو کەسانەی بەس خۆیان پێ راستەو و بیر و بۆچونی بەرامبەر قبوڵ ناکەن ئەگەر هەڵەش بن لەبەر رق هەڵەکانیان نابینین.

ئەگەربێت و باس لە توندوتیژی دژی ژنان بکەین ئەوا ناتوانین دەست لەسەر هەموو برینەکان دابنێن. چونکە جۆرەکانی توندوتیژی زۆرن کە بەرامبەر ژنان دەکرێ. هەر لە ناو خێزانەوە بیگرە تا کۆمەڵگە و براو مێرد و کەلتور .......هتد

بۆ نمونە خەتەنەکردنی ژنان جۆرێکە لە توندوتیژی، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمە بەجێبەجێ کردنی سوننەتێک دا دەنرێ. ناپاکی هاوسەری جۆرێکی تر توندوتیژیە. تانەو توانج لێدان لە بازار و سەر شەقامەکان جنێو دان و دەست لێدان لێیان لە لایەن پیاوان ...هتد

چارەسەر

بەبروای من چارەسەرکردنی کێشەکی وا ئاسان نییە، بەڵام بەم چەند ڕێگاییەی خوارەوە ئەتوانرێ کەم بکرێتەوە .

. 1 خوێندنی وانەیەکە تایبەت کە بابەتەکانی تایبەت بێت بە لێبوردەی و لەلایەن کەسی شارەزاوە دابنرێ و لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن بخوێندرێ.

.2 هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەرێگای پیشاندانی فیلم و شانۆ و کردنەوەی کۆر و سیمینار لەسەر ئەم بوارە

.3 پەیرەو کردنی یاسای پاداشت و و سزا، پاداشت بۆ کەسی لێبوردە و سزاش بۆ کەسی توندوتیژ کە بە شێوەک بێت لەگەڵ بەندەکانی مافی مرۆڤ بگونجێت.

لە کۆتایدا ئەڵێم مرۆڤێک ویژدان ئازاری نەدات مرۆڤایەتی لە ژێر پرسیار دایە.

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگراز ی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...


بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بیاتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیپەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن.

بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net





# هێرشەکانی 11ی سێبتێمبەر و لێکەوتە مرۆیی و ئابوریەکانی..



## نووسینی: جەمال نوری

دوایی تێپەڕبوونی 20 ساڵ بەسەر هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەر، کە لە ڕۆژی 11ی سێپتێمبەری 2001 ئەنجام درا تیایدا، 2977 هەزار کەس بوونە قوربانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە لەهەریەک لەشارەکانی واشنتۆن و نیوروک و شانکسفیلی سەر بەویلایەتی بنسلفانیا.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵی SIAی ئەمریکی هێرشە تیروریستیەکە دوای بێ سەرو شوێنکردنی ئەو (19 )کەسە دێت کەتوانیان چوار فڕۆکەی بازرگانی ئەمریکی بفڕێنن کە هەڵگری بەنزین بووە و بەرەو کەنارەکانی ڕۆژئاوا، ڕۆیشتوە، شایانی باسە کاتی خۆی لەدوای ئەنجامدانی کارە تیروریستییەکە ئوسامە بن لادنی سەرۆکی ڕێکخراوی تیروریستتی قاعدە ئەنجامدانی کارەکەی لەئەستۆی خۆی گرت.

### قوربانیەکانی کردەوە تیروریستیەکەی 11ی سێپتێمبەر

لەسەنتەری بازرگانی جیهانی لە مانهاتنی نیویورک بەهۆی خۆکێشانی فڕۆکەیەکی گەشتی ئاسمانی فڕێنراو ژمارە 11 و فڕۆکەیەکی تر لەجۆری یونایتید ایرلاینز ژمارە 175 خۆیان کێشا بە هەردوو تاوەری باکورو باشورەوە

لەئەنجامی هێرشی یەکەمدا کە هەردوو تاوەرە بازرگانیەکە هەرەسی هێناو ڕما 343 کەس لە پیاوانی ئاگر کوژێنەوە بوونە قوربانی کە 23 کەسیان لە ئەفسەری پولیس و 37 ترشیان لەئەفسەری لیژنەی کەنارەکان بوون بوونە قوربانی ئەو کردەوە تیروریستی یە کەتەمەنیان لەنێوانی 75 بۆ 80 ساڵدا بوون.

لە پنتاگۆنی شاری واشنتن 184 ی تر گیانیان لەدەستدا دوای خۆکێشانی فڕۆکەیەکی گەشتی 77ی ئاسمانی ئەمریکی لەنزیک بینایەی شانکسفیلی ویلایەتی بانسلفانیا، کە 40 سەرنشینی لەخۆگرتبوو، کە سەر بە کارمەندانی ناو فڕۆکەی گەشتیاری 93 بوون لەهێلی ئاسمانی ئەمریکی فڕێنراو. جێگای وتنە ئەم فڕۆکەیە پاش ئەوەی بەسەرنشینەکانی ناویەوە فڕێنرا، لەلایەن ئەو خەڵکەی ناو فڕۆکەکەوە هەوڵی ئەوەیاندا هێرش بکەنە سەر تیروریستەکان کە فڕۆکەکەیان فڕاندبوو، بەڵام لەئەنجامدا تیروریستەکان فڕۆکەکەیان کێشا بە یەکێک لەو کێڵگانەی ناوچەکە، بەو هۆیەوە فڕۆکەکە تێکشکا بەر لەوەی خۆی بکێشێ بەو ئامانجەی بۆی دیاری کرابوو، سەرئەنجام ئەم زنجیرە هێرشە تیروریستیە ی 11ی سێپتێمبەر بڕی زیاتر لە 500 هەزار دولاری تێ چووە.

### زەرو زیانەکانی 11ی سێپتێمبەر

زەرەرو زیانی ئابوری کە لە تاوەری بازرگانی جیهانی کەوت لەشاری نیویورک، بڕەکەی بە 123ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێ ئەمە جگە لەوەی کردەوە تیروریستیەکە بوو بەهۆی دابەزینی گەشتە ئاسمانیەکانی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی بۆ ماوەی چەندین ساڵ...

### ئیدارەی ئەمریکاو چوونە ناو شەڕی دژی تیرۆر وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

لەدوای ئەو گورزە کەمەرشکێنەی بەری کەوت، بەیەکجاری کۆنگریس و ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکاو پنتاگۆن و سەرۆکی ئەو وڵاتەشی تووشی شوک کرد، سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا بۆ ئەو ئابڕووچونە گەورەیەی پێویستی بەوە هەبوو، بەجۆرێک بووە دەبێ ئارەقەی تکاوی



ناوچەوانی خۆی بسڕێ، بۆ ئەو مەبەستەش هاوپەیمانێتی نێو دەوڵەتی دژ بە تیروریان ڕاگەیاند، ئەمریکا ڕوون و ڕەوان نەیشاردەوە وتی ئەو وڵاتەی لەگەڵمدا نەبێ دژ بە تیرۆر ئەوا بە پشتیگیری تیرور هەژماری دەکەین، هەربۆیە زۆرینەی وڵاتانی دنیا چوونە ناو ئەو هاوپەیمانێتیەوە و لەژێر سەرپەرشتی ئەمریکادا شەڕی دژ بە تیروریان ڕاگەیاند. ئەمریکا بە پێشەوایەتی کردنی ئەو جەنگە ویستی جارێکی تر هەیمەنەی خۆی بەسەر وڵاتانی دنیا نیشان بدات، کەوتە کاردانەوەیەکی خێرای بێ پلانی پێشوەختەی نەخشە بۆ کێشراو، پەلاماری وڵاتی ئەفغانستانی دا، بە تۆمەتی ئەوەی ڕێکخراوی تیروریستی قاعدە کە سەرۆکەکەی ئوسامە بن لادنە لەناو ئەفغانستاندایە، سەرئەنجام ئەمریکا بۆ نیشاندانی وێنە گەورەکەی خۆی لای وڵاتانی زلهێزی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری شەڕی دژ بە تاڵیبانی ئەفغانستانی دا و ئوسامە بن لادنی سەرۆکی ڕێکخراوی تیروریستی قاعدەی لەناوخاکی پاکستاندا کوشت، وە بە کوشتنی ئوسامە سیناریۆی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە کۆتایی پێهات. نەک 20 ساڵ دوای گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ ناو ئەفغانستان، واتە ئەمریکا لە هەڵبژاردنی شەڕی دژ بەتیرۆردا هەڵبژارنێکی ئەکادیمی نەبوو، کە پشت ئەستور بووبێ بە خوێندنەوەی سۆسۆلۆجی و ئابوری و سیاسی و کەلتوری و ئەقیدیەوە، ئەوە جگە لە پێکهاتەی سروشتی جیۆسیاسیەکەی ناوچەی ئەفغانستان کە بە ناوچەییەکی سەخت و دژوار و چیایی، ناودەبرێ کە هێجگار گونجاوە بۆ داڵدەدانی تیروریستان و مانەوە و گەشەکردنیان لەو شاخ و کێو ئەشکەوتانە. و هەلێکی گونجاویش بێ بۆ گورز وەشاندنی گروپە چەکدارەکانی تاڵیبان لە بنکەو پێگە سەربازیەکانی ئەمریکا لەئەفغانستاندا. بەڵێ بەدرێژایی 20 ساڵی ڕەبەق و مەسرەفکرنی پارەیەکی زۆری خەیاڵی بۆ پتەوکردنی سوپای ئەفغانستان کە بتووانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ دژبە داعش و قاعیدە و تاڵیبان، بەڵام درۆ شاخدارەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی شکستیان خوارد و دوای ئەوەی چەکێکی زۆری ئەمریکی بێشوومار کەوتە دەست هێزەکانی تاڵیبان و لەزەرفێکی زەمەنی کورتدا تەواوی شارەکانی ئەفغانستانیان کۆنترۆڵ کرد بە کابولی پایتەختیشەوە، بەجورێک وا پێشڕەویان کرد ئەمریکا فریای گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانە نەکەوتن کە هاوکاریان بوون، واتە ئەمریکا لە هەڵبژاردنەکانیدا لە سیاسەتی دەرەوەیدا بۆ بەجێگەیاندنی جەنگی دژ بە تیرۆر نەیتوانی موفەق ببێ و هەریەک لەو دوو هەڵبژاردنەی بۆ شەڕی دژ بەتیرۆر دەستنیشانی کردو وڵاتەکەیانی داگیرکردو سیستەمی حوکمڕانیەکانی ڕووخاند سوودو قازانجی ستراتیژی دوور مەودای بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نەبوو، ئەو دوو وڵاتەش ئەفغانستان و عێراق بوو.

لەئەفغانستان دا دوای بیست ساڵی ڕەبەق، دوای مەشقکردن و پێدانی چەک و چۆلی جەنگی بە سوپای ئەفغانستان و دواتر تەواوی چەک و جبەخانەی ئاسمانی و وشکانی و ئاوی کەوتە دەستی چەکدارە یاخیبووانی تاڵیبان و کۆتایی بە شانۆگەریی ئەمریکا و جەنگی تیرۆر هێنا.

لەعێراقیشدا، گەرچی زەرورەتی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ئینتنیکی لەعێراقدا گەلێک جودایە لەئەفغانستان، بەڵام لەڕوانگەی بەرپاکردنی جەنگی دژ بەتیرۆر لەلایەن ئەمریکاوە و ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشووی عێراق خزمەتی بە چ ئەجیندایەکی ئەمریکا کرد؟.

لەم هەڵبژاردنەشیدا ئەمریکاو ئیدارەی پنتاگۆن بەهەڵەدا چووبوون، نەیانتوانی عەقڵیەتی کۆمەڵگەی عێراقی وەکو خۆی بخوێننەوە، هەربۆیە دوای هەژدە ساڵ لەگۆڕینی دەسەڵاتی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، نەک خزمەتی بە ئەجێندای ئەمریکا نەکرد لە ستراتیژێکی دوور مەودادا بەپێچەوانەوە پرۆسەی جەنگی دژ بەعێراق دەرئەنجام و هێلکەکانی کەوتنە ناو سەبەتەی ئێرانەوە، نەک ئەمریکا ئەمەش هەلێکی بابەتی و مێژوویی بۆ ئێران ڕەخساند سنووری دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی خۆی فراوان بکاو پەل بهاوێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ڕۆژانە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەئامانج بگرێ، لەئێستادا بەهۆی سیاسەتی هەڵەی ئەمریکیەکانەوە ئێران وەک هێزێکی ئیقلیمی گەورە بەردەوامە لە هەناردەکردنی شۆڕشەکەی لەهەریەک لە سوریا و لوبنان و یەمەن و بەحرێن و عێراق دا.

دەرئەنجام هەر میللەتێک گەر تێبکۆشێ بۆ ڕزگاری و ئازادی و نیشتمانەکەی ڕزگار بکا لەدەستی دەرەکی ئەوا پێویستە هەموو ووزەو تواناکانی لە ناوخۆی خۆیەوە سەرچاوە بگرێ، نەک چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی وەک ئەمریکا بێ بیەوێ ئەو گۆڕانکاری لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بکات.

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

# ئەو ئاوەی سەری سپی کردم‟



هۆنراوەی: حەکیم عەبدولڕەحمان میرزا

شتێك لەگەڵما دەڕوات و
دەستی خستۆتە
ناودەستمەوە
لەمبەرەوە بۆئەو بەر
ڕامدەكێشێت
لەكۆڵم نابێتەوەو ئەڵێت
وەرە بارەنگی
تابوتێكی زیرەیت
بۆهەڵبژێرم
وەرەو بالەم ئاوە نازدارەت
هەڵكێشم
ئاخر هەموو تەڕبونێك
تەڕبون نیە
ئەتوانم ئەوەنەت تەڕكەم
تەڕبون ئیرەیی لەئاو بكات

ئەم ئاوە سەری سپی
كردم
ئیتر وەك ئەوسا قسەم
لەگەڵ درەختەكاندا
بۆناكرێت
دڵخۆشی ماسیەكی
دڵشكاوم بۆنادرێتەوە
دەستم ناگاتە ناوچەوانی
سێبەرە تۆراوەكەم و
خۆم لەخۆم
بۆجیاناكرێتەوە

شتێك سەری پڕكردوم
لەجوكە جوكی باو بۆران
نەئەوەتە بخەوم
نەئەوەتە خەبەرم بێتەوە
دڵم زۆر پڕە
پڕە لە بۆڵە بۆڵی
دراوسێكانم

لەسەرە تاتكێیی ئەوبەری
كچەكانی
سەركانی
ئەو ئاوە سەری سپیكردم
بەزۆر دەستی پێ خستمە
بەرباخەڵی خۆم
بەزۆر بەسەر خۆمیا
ڕژاندم

ئەو دەریایە بێتاقەتی
كردوم
میلی ئەو كاتژمێرە چاوی
بڕیوەتە چاوم و
نایەڵێت شتێك لەسەر ماتی
خۆم بنوسم
ئەم ماتییە میلی لەسەر
بێدەنگیم هێناوەتەوەو
دروواسێكانم لەدرزی
دەرگاكانەوە تەماشام
دەكەن
قسەم بۆناكرێت
ئەڵێی مردویەكی
بەدبەختم
هیچ كەسێك چارەی
ناوێم
ئەو دەرگایە هەر
نەكرایەوە
كەسێك قومێك ئاوی
نەدامێ و
نەیوت لێرە سەرخەوێك
بشكێنە
ئیتر درەختەكان نادوێنم
بەباناڵێم خوا قوەتتباو
ئەوەخێرە بەبێ جانتا

بۆكوێ دەچیت

شتێك لەگەڵما دەڕوات
لەگەڵما دەخەوێت لەگەڵما
دەگری
بەڵام كەتوڕە دەبێت
پێم ئەڵێت سەیرە بەرگەی
ئەم هەموو تەنیاییە
دەگریت
ئەو ئاوە سەری سپی
كردم
بێدەنگی درەختەكان پەتی
سێدارەم بۆ هەڵدەخەن
ماتی كانیەكان بەرد
لەسەر سنگم دەشكێنن

خۆمم بۆنابرێتەوە ئەوبەر
زنجیری پانتۆڵەم
بۆداناخرێت
فیشەكێكم بۆنانرێت
بەسەری خۆمەوە
شەستو چوار ساڵە
چاوەڕوانی
بارانێكم هەرنەباری
ئەو ئاوە شێتی كردم


.............

# ڕەش، یا سپی




ژیان، بەحوكمی سەرهەڵدانی ڕوداوی جۆراوجۆرەوە لە پێكهاتەی سروشتی بوونەوە، بۆ مرۆڤ كە تیایدا دەژیت، ڕەنگ بێت ڕوووداوەک خۆش بێ وباش بێتەوە، واتە خاوەن بەختێكی سپی دەبێت، وە بە پێچەوانەشەوە مەرومهایەكی تر ڕوداوەكان خراپ بێ و بە بەختی ڕەش ناوزەد دەكرێ، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم نوسینەیە، ئەوەیە لە نێوانی ڕەش وسپی یەكەدایە، ڕەنگێكی تر بەرجەستە دەبێ لەو نێوانەدا، و بەردەوامیش ئەوانەی بڕوایان بەم میتۆدە
لە ژیان هەبێت، ئەوا ڕەوتی هەر ڕوداوێک ئەگەرچی خراپ بێت یان باش بۆ ئەمانە بەشێوەیەكی سروشتی دێت و دەتوانن خۆیان بگونجێنن، ئەم دوو ڕەنگە ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر فۆلكلۆری گەلەكان بە تایبەتی فۆلكلۆری كوردی، وەک لێرەدا وتراوە
دەشێ بەختی من ڕەشی بنوێنێ
لە كۆتاییدا تۆ سەر بە كام لەم دوو ڕەنگەی ابیض، او اسود ڕەش یاخود سپی ...

نووسینی: جەمال نوری



بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## جەلیل شەهباز: مەرامی ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختە ئەوەیە، کە ئەمریکا و دەسەڵاتی میلیشیایی ئەیانەوێت کە شکست بە خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۹ی خەڵکی عێراق بێنن...



# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز جەلیل شەهباز هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق...

### کاتێك هێزە سیاسیەکان داخوازی هەڵبژاردن دەکەن، مەبەست لێی قازانج و بەرژەوەندیەکانی خەڵك نییە، بەڵکو کێبڕکیەکی سیاسی کۆنەپەرستانەیە بۆ ئەوەی هەر هێزێکی سیاسی پشکی دەسەڵات و دزینی سەروەت و سامانی وڵات بەرکەوێت...

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق؟**

**جەلیل شەهباز:** بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەخت لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩١ لە عێراقدا درا، لە ژێر فشاری خۆپیێشاندان و ئیعتیرازی فراوانی جەماوەری لە بەغداد و باشوری عێراق دەستپێکرد. حکومەت و دەسەڵاتی میلیشیایی لە عێراق خستە ناو قەیرانێکی سیاسی دژوار، کە بوو بەهۆی شکستی حکومەتی عادل عبدالمهدی و دروستبوونی گێژاوێکی سیاسی زۆر ترسناک لە پرۆسەی سیاسی عێراق و بنبەستبووبی گشت ئەلتەرناتیڤەکانی بوژوازی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ دەرچوون لەو گێژاوە سیاسیە. دەرئەنجام دروستبوونی حکومەتی کاتی کازمی بە ئیعازی ئەمریکا و رۆژئاوا، و رەزامەندی بەشێک لە خۆپیێشاندەران دروستبووە. بەوە ئەیانەوێت پێشانی خەڵک بدەن، کە دوای هەڵبژاردنەکان سەقامگیری سیاسی و داخوازیەکانی خۆپیێشاندەران جێبەجێدەبێت. هەڵبەت ئەمەش وەهمە، کە لە سایەی دەسەڵاتێکی مەزهەبی و قەومی داخوازیەکانی خەڵکی عێراق جێبەجێ بکرێت. راستیەکەی مەرامی ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختە ئەوەیە، کە ئەمریکا و دەسەڵاتی میلیشیایی ئەیانەوێت کە شکست بە خۆپیێشاندانەکانی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۹ی خەڵکی عێراق بێنن.

**بۆپێشەوە: سەرەتای دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن؛ هەندێک لایەنی سیاسی پێداگری لەسەر بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا دەکەن و هەندێکی تر داوای دواخستنی دەکەن، یان لە پرۆسەکە دەکشێنەوە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**جەلیل شەهباز:** ئەگەر بەوردی سەیری ئەم مەسەیەلە بکەین، ئەبێت لە پێشەکیدا وەڵامی پرسیاریکی زۆر سادە بدەمەوە، ئایا بۆچی هەرچوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن لە زۆربەی وڵاتە سەرمایەداریەکان روودەدات؟

لایەکی ئەم مەسەلەیە، بە نیسبەت عێراق، لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکردوە، بەڵام لایەکیتری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە، کە لەدوای چوار ساڵ چی هێزی سیاسی بە باشترین شێوە ئیدارەی کۆمەڵگە بەقازانجی سەرمایە بەڕێوەدەبات و ڕەوایەتی سیاسی جەماوەر وەردەگرێت بۆ دەسەڵاتی سیاسی. ئەم خاڵە وەک پرنسیپ لە گشت وڵاتانی سەرمایەداری هەروایە، بەڵام لە وڵاتێکی وەک عێراق تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگە لەسەر بناغەی دین و مەزهەب دابەشکراوە و دەسەڵاتیش لە عێراقدا هەر لەسەر ئەم تەقسیمبەندییە دروستبووە، کە هەر یەک لە ناوچەیەکی دیاریکراوی خۆی سەپاندوە بەسەر خەڵکدا. لە رەوشێکی ئەوهادا پارسەنگی هێز و کێشە سیاسیەکان لە عێراقدا بوونی هەیە. لەبەرئەوە کاتێک هێزە سیاسیەکان داخوازی هەڵبژاردن دەکەن، مەبەست لێی قازانج و بەرژەوەندیەکانی خەڵک نییە، بەڵکو کێبڕکیەکی سیاسی کۆنەپەرستانەیە بۆ ئەوەی هەر هێزێکی سیاسی پشکی دەسەڵات و دزینی سەروەت و سامانی وڵات بەرئەکەوێت، یانیش بە واتایەکی تر هەر هێزێکی سیاسی پشکی شێر لە دەسەڵات و سەروەت و سامانی بەردەکەوێت. بەهۆی ئەم ئەگەرانەوە، کە هەندێک لایەنی سیاسی لەم کێبەڕکیەدا زەرەرمەند دەبن، هەندێکیتر وەک خۆیان دەمێنن یانیش زیاد دەبن. ئەمەیە ئەسڵی مەسەلەکە بۆ داخوازی هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بکرێت یانیش دوابخرێت.

**بۆپێشەوە: لایەنە دەرەکیەکان لەوانە ئەمریکا، تورکیا و ئێران چ کاریگەریەکیان لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق هەیە؟**

**جەلیل شەهباز:** ئەگەر بەوردی سەیری نەخشەی سیاسی عێراق بکەین بۆمان دیاردەبێت، کە دیارە زۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسیەکانی شیعەی عێراق سەر بە ئێرانن و زۆربەی هێزە سونی و کوردیەکانیش سەر بە ئەمریکان. لە لایەکیترەوە بەشێکی هێزە سونیەکان سەر بە تورکیان، هەروەها زۆنی زەرد لە کوردستان سەر بەتورکیایە و زۆنی سەوز سەر بەئێرانە. ئیتر ئەم تەقسیمبەندیەی هێز، خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی دیاری وابەستبوونی ئەم هێزە سیاسیە کۆنەپەرستیانەیە بۆ وڵات و هێزە دەرەکیەکان. هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، کە لە ژێر رۆڵی خۆپیێشاندانەکانی ئۆکتۆبەر عێراق کەوتە ناو شەپۆڵی گێژاو و قەیرانێکی سیاسی قوڵ و دژاور. هەڵبەت ئەم هێزە دەرەکیانە هەوڵی جدی ئەدەن بۆ ئەوەی عێراق رزگار بکەن لەو قەیرانە سیاسیە، بۆ ئەوەی ئەو هێزە سیاسیانەی، کە سەر بە ئەوانن لە عێراقدا بتوانن جێگە و ڕێگەیەکی باش بۆ خۆیان دروست بکەن لە کۆمەڵگەدا. ئینجا بچینە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ مسۆگەرکردنی پشکێکی باش لە دەسەڵات، هەریەکەو بەپێی سەنگی سیاسی خۆی. کۆنگرەی هەم ئاهەنگی و هاوپشتی ئەم دوایەی لە بەغدا کرا هەر بۆ ئەم مەبەستەبوو. ئیتر دیارە ئەم هێزە دەرەکیانە بە هەموو توانا و هێزی خۆیانەوە هەوڵ ئەدەن بۆ پشتگیری لەو هێزە سیاسیانە، کە سەر بەخۆیانن بۆ مسۆگەرکردنی گەورەترین پشک لەدەسەڵات. بۆئەوەی لە دوای هەڵبژاردندا بۆ ئەو هێزە دەرەکیانە ببێتە ئامرازێک بۆ پتەوکردنی جێگا و ڕێگای خۆیان لەناو کێشە سیاسیەکانی ناوچەکە. تاکو بتوانن بەسەنگێکی زۆرەوە دەخاڵەت لە رەوشی سیاسی عێراق بکەن وەک پێگەیەک بۆ دابینکردنی رۆڵێکی باش لە بازاری عێراق و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە هەبێت.

**هۆکاری سەرەکی چونە سەری ڕادەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان،** بۆچی دەگەڕێتەوە؟

جەلیل شەهباز: بەدرێژای ١٨ ساڵ لە حکومڕانی هێزە مەزهەبی و قەومیەکان لە عێراقدا، بێجگە لە هەژاری و نەداری، شەری بەردەوامی تائیفگەرایی و مەزهەبی، بێبەشکردنی تاکی عێراقی لەسەرەتایترین مافەکانی مرۆڤ، دزی و گەندەلی جەردەیی، دارمانی ژێرخانی عێراق، ئیغتیالاتی سیاسی، کپکردنی دەنگی موخالف...هتد هیچیتر بۆ خەڵکی عێراق نەهێناوە. لەبەر ئەم هەموو هۆکارانە، هیچ متمانەیەک لە بەینی خەڵکی عێراق و ئەم هێزە کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانانە، کە بەردەوام دەسەڵات پێکدێنن، نەماوە. لە واقعی فعلیشدا، ئەم جۆرە هێزانە ناتوانن هیچ چاکسازیەک بکەن و هیچ داخوازییەکی خەڵکی عێراق جێبەجێ بکەن، بۆیە خەڵکی عێراق هیچ ئۆمێدێکیان پێنەماوە. لە هەڵبژاردنە یەک لە دوای یەکەکان لە عێراقدا هەر ئەم هێزە کۆنەپەرستانە دەستاودەستی دەسەڵات ئەکەن. ئیتر روون و ئاشکر بووە، کە بۆچی ڕێژەی دەنگدەران روو لە کەمی بەردەوام دەکات.

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر بە هەڵبژاردنەکاندا کە بەدیلی بۆرژوازییە، بەدیلی چەپ و کۆمۆنیستەکان چییە؟ سیاسەت و نەخشەیان کامەیە؟ دەبینن کە هێزە بۆرژوازییەکان بەچی خەریکی ئامادەکاریین، بۆچی ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئامادەکاری ئەوان لەبەرامبەر بەو هەڵبژاردنانەدا نابینرێت؟**

**جەلیل شەهباز:** لە بەشی دوایی پرسیارەکەتان دەست پیَ ئەکەم، کۆمۆنیستەکان لە رۆی پرانسیپەوە نە دژی هەڵبژاردنن و نە دژی خەباتی پەرلەمانین، بەڵام بەشداربوونی کۆمۆنیستەکان لە هەڵبژادندا یان لە پەرلەماندا دەکرێت بە پێی مەرجێکی تایبەت بۆ خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندیە گشتیەکانی چینی کرێکار مسۆگەر بکات. بەپەیدابوونی ئەم مەرجە کۆمۆنیستەکان بڕیار دەدەن، کە بەشداربن یان نا. ئەم مەرجەش بەستراوەتەوە بە بارۆدۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر قۆناغێکی دیاریکراوی خەباتی چینایەتی، کە بریتیە لە دوو خاڵ:

١- ئایا هەڵبژاردن و پەرلەمان فەزایەکی سیاسی گونجاو دروست دەکات بۆ پرۆپاگەندە و تەحریزی سیاسی؟

٢- لە پارسەنگی دیاری هێزی چینایەتی ئەو بارۆدۆخەی پەرلەمان تیا دروست دەبێت، ئایا کۆمۆنیستەکان توانای ئەوەیان هەیە چاکسازی بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنن، لە پێناوی فراوانکردن و قوڵکردنەوەی خەباتی چینایەتی؟

دیارە پەرلەمان و هەڵبژاردن تەنیا بۆ ئەم دوو مەسەلەیە بە نیسبەت کۆمۆنیستەکان، چونکە پەرلەمان مەیدانی خەبات نییە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، بەڵکو لە ڕێگای خەباتی چینایەتیەوە کۆمۆنیستەکان خەبات دەکەن لە پێناوی حکومەتی کرێکاری لە شێوازێکی سیاسیدا وەک کۆمۆنەی پاریس یانیش وەکو سۆڤیتاتی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبەر.

لە کۆتاییدا، لەبەر ئەم ئەگەرانەی بارۆدۆخی ئەمڕۆی عێراقدا، کە کۆنەپەرستی سیاسی دەسەڵاتی میلیشایی بەربەری سەر بە هێزە دەرەکیەکان زاڵە لەسەر ئەم بارودۆخە. ئیتر نە پەرلەمان و نەش هەڵبژاردن توانیای ئەوەیان هەیە، کە چاکسازی بکەن، و نە مەیدانی خەباتی کۆمۆنیستەکانە. بۆیە مەیدانی خەباتی کۆمۆنیستەکان، لە بارۆدخی ئێستای عێراقدا لە ناو شەقامەکان و لە ڕیزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشاندایە و دەبیَ لەهەوڵی ڕێکخراوبوونی ئەو ڕیزەدابن.

## درێژەی...بەدیلی هەڵبژاردنی دزەکان، دەسەڵاتدارێتی خەڵکە

وبێ جل وبەرگ نەبن لەسەرمای زستان و گەرمای هاوین. پەرلەمانێک نەتوانێت موچەیەکی بەردەوامی مانگانە کەبتوانن بەئاسوودەیی بژین بۆ بەساڵاچوان دابین بکات بەبێ ئەوەی مۆری حیزبایەتییان لەنێوچاوانیان بدەن. کەوایە سوودی ئەم دەنگدان و پەرلەمانە هیچ نییە جگە لەشوێنێک بۆ زیاتر شەرعییەتدان بە دزی وگەندەڵییەکانی دەسەڵات، کەوایە پێویستە لەگەڵ ئەوەی دەنگی پێ نەدرێت بەم جۆرە هەڵبژاردن و حیزبانە لەهەمان کاتدا خەڵک سەنگەری خۆی جیابکاتەوە لەم جۆرە مافیاو چەتانەی دەسەڵاتی دز و گەندەڵکار. ڕێگاچارە بەتەنها ئەوە نییە کەبەشدار نەبین لەدەنگدان و هەڵبژادنی پەرلەمان، بەڵکو لەوە گرینگتر ئەوەیە هێزی ناڕازی چەوساوە و بێکارانی کۆمەڵگە ڕێکخراو بکرێت لەبزووتنەوەی جەماوەری هەقخوازانەی شوراکانیان بەئامانجی لەگۆڕنان و ڕامالّینی ئەو جۆرە دەسەڵات و پەرلەمانە کەجێگای بەرهەمهێنانی بازرگانانی حیزب و خێڵە. چیتر شەرمە تەنها بەدەنگ نەدان ڕازیبین دەبێت بۆ ئەرکە دروستەکە هەنگاوی بۆبنێین ئەویش گەشەدانە بەڕێکخستنی بزووتنەوەی شوراکانی خەڵک بەئامانجی هێنانەدی دەسەڵاتدارێتی خودی خەڵک لەڕێگای شوراکانی خۆیانەوە. هێزی شۆڕشگێڕانەمان توندوتۆڵترو باشتر ئامادە بکەین، لەهەرشارو ناوچەیەک ئەم هێزە شۆڕشگێڕانە بەوجوڵەخۆیان بکەون بەرگری لەتێکۆشانی هێزی خەڵکی چەوساوەبکەن. شێوازو تاکتیکی شۆڕشگێڕانە دابهێنن بۆ پاشەکشە پێکردنی ئەوجۆرە دەسەڵاتە چەوسێنەرە. ئەبێت گەشە بە وشیاری شۆڕشگێڕانە بدەین لەهەموو ماڵ و شوێن و خیابان و شەقامێک دروشمی شۆڕشگێڕانە دژ بەو دەسەڵاتە کۆنەخوازو چەوسێنەرەیە بەرچاو بکەوێت بەدیلی داهاتوویی ئەم دەسەڵاتە مناقەشەو گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، خەڵک ڕێگای گەڕانەوەی نییە تەنها تێکۆشانی لەبەردەستە بۆئەوەی لەوەی زیاتر قوربانی نەدات و کوردستان و عێراق وێرانتر نەبێت. ئیتر بەسە خەڵک دەبێت ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆی ڕێکخراو بکات لەناوئەنجومەنی شورشگێڕی وشوراکانی دا بەرەو ڕامالّینی دزەگەورەکانی کۆمەڵگا کە بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانییە هەنگاو بێنت دواتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی خەڵک بەئیدارەدانی شورایی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت.

## درێژەی....ڕژیم بە هێرش بۆ سەر حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، ترس و بێ دەسەلاتی خۆی نیشان دەدات..

مێژوو نیشانی داوە جەماوەری نارازی و ئازادیخواز بە هیچ زەبر و زەنگێک بێ دەنگ نابن و بە زوویی ئەو دەسەلاتە دژە خەڵکیە دەڕوخێنن. کۆماری ئیسلامی ئامانجی لە هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان نە تەنیا ئەحزابی کوردستانی بەڵکوو هەموو خەڵکی کوردستانە تا لەو ڕێگایەوە خەڵکی ناوچەکە چاوترسێن بکات ناوچەکە نائەمن بکات. خاکپور لە هەرەشەکانی بە خەڵکی ناوچە دەلێ لە ئەحزابی کوردی دوور بگرن، ناوبراو بە خەیاڵی خاوی دەتوانێ بەو پیلانەی دوبەرەکی بخاتە نێوان خەڵکی باشور و ڕۆژهەلات، خەڵکانێک کە ساڵەهایە شایەتی ئازار و نەهامەتیەکانی یەکترن کە لە لایەن دوو دەسەلاتی دیکتاتۆری سەدام و ئێران و دەسەڵاتی تازە لە عێراقدا بە سەریان دا رەوا کراوە و بێ گومان قەت پشتی یەک بەرنادەن. دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەبێ باش بزانێ خەڵکی وشیاری کوردستان ئەو هێرش و تیرۆرانە و بەزاندنی خاکی هەرێم لە لایەن دوو دەسەلاتی تورکیا و ئێران لە چاوی ئەوانەوە دەبینن و بە بێ دەنگ بوونیان لە بەرانبەر ئەو هێرشانە نالایەقی و نابەرپرسیاری خۆیان دەردەخەن. دەسەلاتی دیکتاتۆری ئێرانیش دەبێ باش بزانێ خەڵکی خۆڕاگری هەرێم و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە جدی و تیکۆشەرەکان بەو هێرشانە لە خەبات سڵ ناکەن و تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە ڕوخانی یەکجارەکی ڕژیمە لە خەبات و بەرخودان بەردەوامن...

**شکۆفایی هەر تاکێك مەرجی شکۆفایی کۆمەڵگەیە...**

## درێژەی دوا وتە

کردەوە بۆ ئەمریکا تا بەدوای ئامانجە ستراتیجی و فراوانەکانی خۆیدا هەنگاو بنێت. بە واتایەکی تر هیرشی تیرۆریستی قاعیدە بووە خێر و بەرەکەتێک بۆ دەوڵەتی ئەمریکا، تا لاشەی لەخوێن هەڵکیشراوی هەزاران ئینسان بکاتە، ڕێگایەک بۆ نیشاندانی باڵادەستی تاقانەی خۆی بەسەر دنیا و ترساندن و تۆقاندنی نەیارە جیهانی و ناوچەییەکانی و ملکەچ پێکردنیان.

ئەمەش دنیای روبەرووی دەورەیەکی نوی لە جەنگی تیرۆریستەکان کردەوە. کۆمەڵگەی ئینسانی لەگەڵ یەکێک لەرەشترین دەروانی وێرانکاری و کوشتاری ئینسانیدا رووبەڕووکردەوە.

جەنگ لە دژی تیرۆریزم، کە زۆرێک لە نووسەر و سیاسی کالّفام و رەوت گەلی سیاسی وابەستە بە سیاسەت و نەخشەکانی ئەمریکا و غەرب، وایان لێکدایەوە کە ئەمریکا و غەرب لەدژی تیرۆر دەجەنگن و دەوڵەتە تیرۆریست و هاوکاران و داڵدەدەرانی سەرانی ریکخراوە تیرۆریستەکان، لە بەین دەبات و ولاتانی ناو بازنەی میحوەری شەر لە دەستی نیزامە سیاسیە سەرکوتگەرەکان، ڕزگار دەکات... بەکردەوە پیچەوانەکەی دەرکەوت و ئەم نووسەر و سیاسی و رەوتە سیاسیانەش بوونە قوربانی کورت بینی و بەرژەوەندخوازیان تا لە سایەی شەر و ملهوری ئەمریکاو غەربدا دەستیان بە ئامانجە سیاسیەکانیان بگات. دنیای دوای روداوی ١١ی سێبتەمبەر، زۆر نائەمنتر لە پیش ١١ سێبتەمبەر کرا، تیرۆر بە پانیایی هەموو دنیادا بلاوبۆوەو و هیچ گۆشەو کەنارێکی دنیا نەما، دەستی تیرۆرو نائەمنی و کەشی ترس و تۆقاندن پێی نەگات... ئەمریکا و غەرب دەسەلاتی سیاسی ئەفغانستان و عێراقیان روخاند، تا بەقەولی خۆیان کۆتایی بە تیرۆر بێنن، کەچی هەردوو وڵاتەکەو ناوچەکەیان کردە ژینگەی پیگەیاندنی تیرۆر و تیروریزم و دەیان دەستەو تاقمی تری لەچەشنی داعش و کە قاعیدە و تاڵیبان لەچاویاندا، یاریچیەکی ناکامڵ بوون، دروست کرد. بەم جۆرە سەرجەم رۆژهەلاتی ناوەراستیان کردە کوانوی ئەزمەو خوێن بەربوونێکی بەردەوام کە تا ئیستا درێژەی هەیە.

ئەمریکا و غەرب ویستیان لەرێگای ملهوری سەربازی و دەستیوەردانی ئاشکرا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا باڵادەستی خۆیان نیشانی دنیا بدەن و رەقیبە سیاسی و ئابوری و ستراتیجیەکانیان، لەوانە چین و روسیا و بلۆکە ناوچەییە وابەستەکانیان، سەرکز و بێ رۆڵ بکەن، کەچی شکستی ئەمریکا و غەرب، لەوکاتەوە دەستی پێکرد، کە هیرشی سەربازیان کردە بژاردە لەژێر ناوی جەنگی دژە تیرۆردا... راسانی ملیۆنی لە ئاستی دنیادا لەدژی جەنگ و ملهوری سەربازی ئەمریکا، کە لەناوەرۆکدا بەجیا لەوەی دنیا لە ئاکامە زیانبارو وێرانکارییەکانی بەئاگا بوو، هاوکات وێل بوونی بەرەی ملیۆنی ئینسانی بوو بەدوای ئازادی و عەدالەتدا، کە بەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا، کەتبوونە بەردەم هیرشی سیستماتیکی سەرمایەو دەستکەوتە ئینسانیەکانیان لێ زەوت دەکرا. دیارە ئیسلامی سیاسی و رەوتە ئیسلامیەکانیش بە کردەوەکانیان لەژێر ناوی بەرگری لە کیشەی فەلەستین و مستەزعەفین و بەرگری لە ئیسلام و وەستانەوە بەرووی "شەیتانی بزورگ"دا، کە لە بنەرەتدا ئەوانیش خوازیاری بەش پێبرانی سیاسی لە رژهەلاتی ناوەراست و هاواکاتیش چاوەروانی بەرەسمی ناسینیان لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەکرد، زۆر زوو کردەوە ئینسان کوژییە کەم وێنە و دڕندایەتیەکەیان، ئەوانی لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازی و ئیساندۆستی دنیا رووبەڕووکردەوە. بەم جۆرە هەردوو بەرەی ئەم وێرانکاریی و کوشتارە ئاشکرایە بۆ بەرژوەندی تر، رووبەرووی پاشەکشە و نەفرەتی دنیای شارستانی و ئینسان دۆستی بوونەوەو پاساوە پوچ و کاڵەکانیان، بە تەواوەتی ئاشکرا بوون... دیارییەکانی ئەمریکاو غەرب لە عیراق و ئەفغانستان، لە دارماندنی کۆمەڵگەو هینانە سەرکاری جانەوەرترین گروپ و دەستەی قەومی و ئیسلامی و مەزهەبی و تایفی ئینسان کوژ، بۆسەر دەسەڵات و پشتیوانی لێکردنیان، سیمای درەندەیی سەدام حسێن و بەعسیەکانی عیراق و تاڵیبان و ئیسلامیەکانی ئەفغانستانی، لە بەرگی درندەتردا نمایش کرد و دنیاشی کردە شاهیدی ئەو بەرهەمە قێزەونەی سیستەمی سەرمایەداری و ململانێ فروانەکانی بلۆکەکانی... ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ئەو راستیەی بەکردەوە نیشاندا کە نە ئەمریکاو دیموکراتی کیشەی لەگەڵ تیرۆر هەیە و دژی تیرۆرن، نە قاعیدەو و ئیسلامی سیاسی دژی ئەمریکا و غەرب و باڵادەستی ئەمریکان.

پاشەکشەی ئابڕوبەرانەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و بەرنامەی پاشەکشەی لە عیراق و ناوچەکە بەگشتی، ئاکامی شکستی سەرجەم پرۆژەکانی ئەمریکا و غەرب بوو. رادەستکردنەوەی دەسەڵاتیش بە تاڵیبان لە ئەفغانستان و و بە شیوە تاڵیبانەکان و کرێگرتەکانی ئیران لە عیراقدا... دووبارە دەستخستنەوە ناو دەستی ئەو جانەوەرانە بوو کە ١١ی سیبتەمبەر و دەیان کردەوەی تیرۆریستی هاوشیوەیان لە دنیادا، ئەنجامدا و دنیایان لەگەڵ دەورانێکی یەکجار رەشدا رووبەڕوو کردەوە.

ئیستا ئیتر بۆ هەموو کەسێکی هوشیار رۆشنە، ئەمریکا و غەرب کیشەیەکی بنیادی و سەرەکیان لەگەڵ تیرۆر و ئینسانکوژی ئیسلامی سیاسیدا نییە و ئیسلامی سیاسێش کیشەیەکی بنیادی و سەرەکی لەگەڵ ئەمریکا و غەرب و سیاسەتە دژە ئینسانیەکانیاندا نییە... ئەو تاوانکاریی و خوێن بەربوونەو ئاوارەیی و کاولکارییەی لە عیراق و سوریا، لیبیان و یەمەن و ئەفغانستان و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەبەرچاوی دنیادا روودەدات، بەرهەمی ئەو لیکچوونە و بەژەوەندییە هاوبەشەی نیوان ئیسلامی سیاسی و ئەمریکا و غەربە و مانەوەی جەنگ و ململانێی لیرەو لەویش، بەرهەمی ناکۆکیەکی روکەشە لەسەر بەرژەوەندییە ئاشکرا و راگەیەنراوەکانیان...

**ناوەراستی سێبتەمبەری ٢٠٢١**

بۆپێشەوە

FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

سالار حەمەسەعید، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا سالح، کاوان قادر،جەمال نوری،عبدالرحمن رەسولّ، شوانه حەسەن ئەبوبەکر، خالید بایەزیدی،هەتاو عەبدوڵاهی،حەکیم میرزا، مەڵبەند عەبدولواحید...

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق "**

## سێ شیعری/ خالید بایەزیدی (دلیر)



**لە مناڵێکی سەرشەقامم**

**پرسی:**

**چ ئاواتێکت هەیە**

**وتی تەنیا!**

**کەس ئاواتە نەپشکووتوەکانم**

**بەرەشەبا**

**نەسپیرێ؟!**

**لێیان گەڕێن**

**با گەورەبن**

.......................................

**گوڵە گەنم!**

**لە ئاشەوان**

**توورە بوو**

**کاتێك کە دیتی:**

**مناڵێکی کرێکار**

**ئەو ڕۆژە**

**هیچ نانی دەس نەکەوت**

.......................................

**مناڵانی کریکار**

**ڕۆژ تا شەو درەنگان**

**بە دوای نان**

**ڕادەکەن**

**شەویش تا کازیوەی بەری بەیان**

**خەونی پێووە دەبینن**

**ئای نان لە کوێی؟!**

**برسییەتی کوشتمی**





**سەردەمی ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بێمافی ڕاستەقینەی خەڵك و ڕووکەشی بوونی بەشداری ئەوانی لە مەسەلەی حوکمڕانی لە نیزامە دیموکراسیە لیبراڵی و پەرلەمانیەکاندا نیشانداوە. کۆمەڵگایەك کە بیەوێت بەشداری کۆمەلانی بەرینی خەڵك لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی دابمەزرێ...**

## دوا وتە

# لە جەنگی دژە تیرۆرەوە!! بۆ دەست خستنە ناو دەستی تیرۆریستەکان!

### عەبدوڵا مەحمود

دوای هێرشی تیرۆریستی بۆسەر دامەزراوە گەورە سیاسی و ئابوری و رەمزی باڵادەستی ئەمریکا، لە ١١ سێبتەمبەری ساڵی ٢٠٠١دا، واتە ڕێک ٢٠ ساڵ پیش ئێستا، ئەمریکا جەنگی دژە تیرۆری راگەیاند. رایگەیاند کە کۆتایی بە تیرۆر و تیرۆریستان دەهێنێت، لەوەش زیاتر هیرشی کردە



سەر چەند وڵاتێک بە پاساوی هاوکاری تیرۆر و تیرۆریستان و ڕیکخراوەی قاعیدە... لەوانەش ئەفغانستان و پاشان عێراق کرانە نیشانە و چەند وڵاتێکی تریش بوونە بژاردەی ئەمریکا و ناوزەد بە میحوەری شەر کران، لەوانە ئیران و کوبا...

هێرشی ریکخراوی قاعیدە وەکو بەشیک لە رەوتی ئیسلامی سیاسی بۆسەر دەوڵەتی ئەمریکا، هێرشێکی تاوانکارانە و تیرۆریستی و ئینسان کوژی ئاشکرا بوو، کاردانەوەی ئەمریکاش لەبەرامبەر بەو کردەوە تیرۆریستییە ئینسان کوژییەدا، بەهەمان شێوە تیرۆریستی و ئینسان کوژی و وێرانکارانە بوو.

چ هێرشی قاعیدە بۆسەر دەوڵەتی ئەمریکا و چ کاردانەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر بەو تاوانەدا، دنیای کردە شاهیدی دوو کردەوەی روکەش، بۆ دوو ئامانجی ئاشکرای دوو رەوت لە ئاستی دنیادا. هێرشی تیرۆریستی قاعیدە بۆسەر ئەمریکا بەشێک بوو لە جەنگی فراوانتری ئیسلامی سیاسی بۆ بەش پێبران لە دەسەلاتی سیاسی لە جوغرافیای سیاسی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، بۆ ئەمریکاش دەستبردنی بۆ جەنگ و ملهوری سەربازی، بۆ پێناسەکردنەوەی و نیشاندانی باڵا دەستی خۆی بوو بەدوای شکستی بلۆکی شەرق بە ئامانجی سازدانەوەی دنیا لە ژێر رابەری تاقانەی خۆیدا و بەوێنەی کۆتایی دنیای دوو قوتبی و بیناکردنی دنیای یەک بلۆکی و یەک قوتبی، کە خودی ئەمریکا مۆتۆر جولّەو ئاراستەکانی، لە ژێر کۆنترۆڵی بێ رکەبەری خۆیدا بێت. واتە چ کردەوەی تیرۆریسستی قاعیدە و چ کاردانەوەی ئەمریکا، ئامانجەکانیان لەگەڵ بژاردەو نیشانەکانیان، لەناکۆکیدا بوون لەگەڵ یەکتری... ئامانج شتێکی تر و بژاردەو هەنگاوەکان شتێکی تر.

هیرشی تیرۆرسیتی ریکخراو قاعیدە بۆسەر ئەمریکا، دەروازەی

بۆ لاپەڕە 11